گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# تابلۆکانی جەنگی خاچیەکان لە سەدەکانی ناوەڕاست
# لە نێوان نیگارکێشانی کلاسیک و زیرەکی دەستکرد میدجێرنی
## (توێژینەوەیەکی بەراوردکاریە)

**دارا جلال مجید**
بەشی شێوەکاری, کۆلێژی هونەرەجوانەکان, زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Dara.majeed@su.edu.krd

**د. ئاری کاکل محمد**
بەشی شێوەکاری, کۆلێژی هونەرەجوانەکان, زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
ari.mohmedtaher@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٥/٥/١٥
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٧/٣٠
بڵاو کردنەوە:پایز ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**
تابلۆ، کلاسیک، زیرەکی دەستکرد، خاچییەکان

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.4.3

**پوختە**

هونەری نیگارکێشانی کلاسیک لەدوای پەیدابوونیەوە توانی کۆمەڵێک بنەما و یاسای تایبەت لە بواری نیگارکێشاندا بێنێتە کایەوە، ئەمەش لەسەردەمی خۆیدا بە داهێنانێکی گەورە دانراوە، چونکە هونەری نیگارکێشان پێش ئەو سەردەمە لەلایەن نیگارکێشەکان زیاتر بە شێوازێکی سەرەتایی ئەنجامدراوە، پەیدابونی هونەری کلاسیکی بووە داهێنانی گرنگ لە بنەماکانی هونەر لەسەردەمی خۆیدا، لە گرنگترین بنەماکانی هونەری نیگارکێشانی کلاسیکی پێکهاتبوو لە: جوانی و گونجان و هاوسەنگی و ڕێژەی زێڕین و هەمەچەشنی و جۆراوجۆری و دارِشتن و ڕوانگە و جوانی هزر و ڕەوشت و ڕەسەنایەتی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەکێک لەو بابەتانەی کە لەلایەن نیگارکێشانی کلاسیک بایەخی پێدرابێت بریتیە لە بابەتی جەنگە مێژوویەکان، لە دیارترین جەنگەکانیش لەسەردەمی ڕابردوو ڕوویدابێت جەنگی خاچیەکان بووە، ئەم جەنگە لەسەدەکانی ناوەڕاست لەنێوان مەسیحیەکانی ڕۆژئاوا و موسلمانەکان ڕویداوە، ئێمە لێرەدا هەوڵمانداوە بەراوردێک بکەین لەنێوان تابلۆکانی کلاسیکی دەربارەی جەنگی خاچیەکان لەگەڵ ئەو وێنانەی لەلایەن زیرەکی دەستکرد میدجێرنی لەسەر هەمان بابەت دوبارە بەرهەم دەهێندرێتەوە.

پەیدابوونی زیرەکی دەستکرد بە داهێنانێکی گەورە لەبواری تەکنۆلۆژیادا ناوزەند دەکرێت، ئەم تەکنەلۆژیایە لە زۆر بواردا دەتوانێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، لەناویاندا هونەری نیگارکێشان کە سوودێکی زۆری لەم بوارە وەرگرتووە، لە دیارترین بەرهەمهێنەرەکانی وێنە میدجێرنی(Midjourney)یە، کە ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە بەرهەمهێنانی وێنەی هونەریدا، بەتایبەتی لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی شێوازی نیگارکێشانی کلاسیکی دەربارەی زۆربەی بابەتەکان، وەک بابەتی جەنگی، سروشت، فانتازی، چیرۆکەکان و ئەفسانەکان یان ئەبستراکت...هتد، ئەم بەرنامەیە توانایەکی بەهێزی هەیە لەبواری نیگارکێشاندا بەشێوەیەکی گشتی هاوکارێکی باشی نیگارکێشان دەکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بەشی یەکەم
## (چوارچێوەی گشتی)

### پێشەکی:

تەکنەلۆژیا لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا ژمارەیەکی زۆری لە بەرنامەکانی بواری هونەری دیجیتاڵی بەرهەم هێناوە، زیرەکی دەستکرد (Artificial Intelligent) یەکێکە لە بەناوبانگترین و گرنگترین بەرنامەکانی تەکنەلۆژیا، لە بواری زیرەکی دەستکردیش کۆمەڵێك بەرنامەی بەرهەمهێنەری وێنە(Image Generator) پەیدابووە، کە خزمەتێکی زۆری هونەری نیگارکێشان دەکەن، لە دیارترین بەرنامەکانیش بۆنموونە بریتین لە: میدجێرنی(Midjourney) و دالی(DALL-E) و دیپ ئارت(Deep Art) و ستێبل دیفیێشن(Stable Diffusion) و نایت کافێ(Night Cafe) و چەندانی تر، ئەمانەش کۆمەڵێك پرسیاری لەلای هونەرمەندانی نیگارکێش دروستکردوە، یەکێك لە ئەوانە ئایا ئەم بەرنامانەی زیرەکی دەستکرد لە بواری بەرهەم هێنانی وێنە دەتوانن شوێنی نیگارکێش بگرنەوە، یان دەتوانن بەپێی بنەماکانی نیگارکێشانی کلاسیك وێنەی کوالێتی بەرز بەرهەم بهێنن، یان تەنها کەرەستە و ئامرازێکی هاوکار و یارمەتیدەرە بۆ بەرهەم هێنانی وێنە، یاخود لە ڕووی بنەماکانی نیگارکێشان و بەرهەم هێنانی وێنە هەمیشە تابلۆکان ئەوانەی بە دەستی هونەرمەندی نیگارکێش دروست دەکرێت ئاستێکی باڵاتری هەیە، هەوڵدەدەین لەم توێژینەوەیە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە بە شێوەیەکی زانستی.

### کێشەی توێژینەوە:

بێگومان دروست بوونی پرسیار لەسەر هەر بابەتێك شتیکی باش و زانستییە، بەڵام ئەگەر هاتوو بێ وەڵام مایەوە دەبێتە گرفت و چارەسەری زەحمەت دەبێت، بەڵام گەڕان و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی وەڵامی دروست، بە تایبەت لە ڕێگای ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی شتێکی پێویستە و گرنگە، بۆ ئەم مەبەستە بە پێویستمان زانی توێژینەوەیەك دەربارەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تابلۆکانی جەنگەکانی خاچییەکانی سەدەی ناوەڕاست ئەنجام بدەین، ئەوانەی لەلایەن نیگارکێشە کلاسیکیەکان لە سەردەمە جیاوازەکانی مێژوویدا کێشراون، ئەم تابلۆیانە بەراورد بکەین لەگەڵ ئەوەی لەلایەن زیرەکی دەستکرد میدجێرنی(Midjourney) دووبارە دروست دەکرێنەوە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیەی لە نێوان شارەزای بواری هونەری نیگارکێشان و تواناکانی زیرەکی دەستکرد بەرهەم دێت، تاوەکو وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە بدرێتەوە کە لەلایەن بەشێك لە هونەرمەندان دەربارەی ئایندەی هونەری نیگارکێشان و کاری هونەرمەندان دەکرێت، هەروەها بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی بە سەرچاوەی کوردی لەسەر مێژووی هونەری نیگارکێشان و پەیوەندی لەگەڵ بەرنامەکانی بەرهەمهێنانی وێنە لە زیرەکی دەستکرد.

ئەم توێژینەوەیە بەراوردکردنێکە لە نێوان ئەو تابلۆ مێژووییانەی لەسەر ڕووداوێکی گرنگی مێژوویی کراوە، لەگەڵ دووبارە دروست کردنەوەیان لەلایەن زیرەکی دەستکرد میدجێرنی، لەلایەك گرنگی و ڕۆلی نیگارکیشانی کلاسیك ڕوون دەکاتەوە، لە کێشانی تابلۆی ناوازە و سەرنج ڕاکێش لەسەر جەنگەکانی خاچییەکان، لەلایەکی تر خستنە ڕووی زیرەکی دەستکرد لە بەرهەم هینانی وێنەی سەرنج ڕاکێش لەسەر ئەم جەنگە، ئەمەش پاش دروست بوونی گفتوگۆیەکی بەهیز لە نێوان نیگارکێش و زیرەکی دەستکرد، بۆ ئەم مەبەستە توێژینەوەکە پشت بە سەرچاوەی بەهێز و زانستی بەستراوە، سوود لە ژمارەیەکی باش لە نموونە وەرگیراوە، بەشێك لە زیرەکی دەستکرد تاقی کراوەتەوە، بەڵام زیاتر سوود لە میدجێرنی وەرگیراوە، چونکە توێژینەوەکە تایبەتە بەم جۆرە زیرەکی دەستکردە.

## گرنگی توێژینەوە:

پەیدابوونی زیرەکی دەستکرد هونەری وێنەکێشانی بردە قۆناغێکی نوێوە، لە ئەنجامدا وێنەکێشانی زیرەکی دەستکرد پەیدابوو، ئەم قۆناغەش لەسەردەمی ئێستادا لەسەرەتادایە و هەموولایەنەکانی ڕوون نەبوەتەوە، بەمەبەستی زیاتر شارەزابوون و ئاشنابوون بەم بوارە بەگرنگمان زانی توێژینەوەیەک ئەنجام بدەین، تاوەکو ڕۆلی زیرەکی دەستکرد میدجێرنی لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی تابلۆکانی جەنگی خاچیەکانی سەدەی ناوەڕاست ڕوون بکەینەوە،

بەراورد لەنێوان بەهای هونەری دوو جۆر لە تابلۆ بکەین، یەکێکیان لەلایەن نیگارکێشکی کلاسیک بەرهەم هاتووە، ئەوەی دووەمیان لەلایەن میدجێرنیەوە بەرهەم هاتووە.

## ئامانجەکانی توێژینەوە:

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە خستنە ڕووی ڕۆڵی زیرەکی دەستکرد میدجێرنیە لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی تابلۆکانی نیگارکێشانی کلاسیکی دەربارەی جەنگی خاچیەکان، بەراوردێکە لەنێوان دوو جۆر لە کاری هونەری وێنەکێشان، بۆ ئەوەی ڕوون بێتەوە کە زیرەکی دەستکرد لەتواناپدا هەیە وەک نیگارکێشێک کارێکی هونەری نایاب و سەرەنج ڕاکێش پێشکەش بکات.

**میتۆدی توێژینەوە:** توێژەر لە شیکردنەوەی نموونەکاندا پشت دەبەستێت بە مێتۆدی وەسفی شیکاری(Descriptive analysis method)، چونکە ئەم شێوازە لە میتۆد ڕێگایەکی گونجاوە بۆ بەدەست هێنانی ئامانج و بابەتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بەتایبەت لە شێوازی توێژینەوەی چۆنایەتی(Qualitative research).

## بەشی دووەم

## (چوارچێوەی تیۆری)

## توێژگەی یەکەم: جەنگەکانی خاچییەکان لە هونەری نیگارکێشانی کلاسیکدا:

### ١.١ ناساندنی جەنگەکانی خاچییەکان:

جەنگی خاچییەکان لە ژمارەیەك جەنگ و شالاوی گەورە پێکدێت، کە لەلایەن مەسیحیەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا کرایە سەر وولاتی شام و میسر ، لەنێوان سالانی (٢٩٢ – ٦٨٨ ك / ١٠٩٥ – ١٢٩٠ز) ئەنجام دراوە، لەلایەن مێژوونووسان چەند ناوێکی بۆ بەکارهاتووە، وەک: جەنگەکانی خاچییەکان، لەبەرئەوەی دروشمی خاچیان بەرزکردبووە(سمیث, ٢٠٠٩b: ١٣٤-١٣٥) ؛ (عاشور, ١٩٨٨: ٧٧)، هەروەها جەنگی پیرۆز(کاتروود, ٢٠٢٢: ٤٥) ؛ (فلوري, ٢٠٠٤: ٦)، لەهەمان کاتدا پێی وتراوە جەنگەکانی حەج کردن بۆ قودس یان ئۆرشەلیم(Atiya, 1962: 29-32) ؛ (Wright, 1925: 59-60)، و جەنگەکانی فەرەنجیەکان(الحیدري and العمر, ٢٠١١: ٦٨٨) و جەنگی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سوارچاکانی مەسیح و سوپای خوا و چەکدارانی پەروەردگار و جەنگەکانی پەروەردگار (سمیث, a١٩٩٩: ٣٩).

بۆ هەڵگیرساندنی جەنگەکانی خاچییەکان چەند هۆکارێک ڕۆڵی خۆیان بینی، هۆکاری یەکەمیان کە ڕۆلی سەرەکی بینی لە هەلگیرساندنی ئەم جەنگە، ئەویش لەلایەن پیاوانی ئاینی و ڕامیاری لە ئەوروپا سەرکردایەتی جەنگەکەیان دەکرد، (أبوخليل, ٢٠٠٩: ٢٢) ؛ (بیڵ, ١٩٦٥: ٤٦-٤٧)؛ (زابورون, ١٩٨٦: ٤١-٤٥)، هۆکاری دووەمیان ڕامیارییە بۆ هەلگیرساندنی جەنگەکانی خاچییەکان، بە تایبەت لە سەدەکانی ناوەڕاست پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان پیاوانی ڕامیاری و پیاوانی ئاینی هەبووە، بێگومان هەردوولایان بەرژەوەندییان لە هەلگیرساندنی ئەم جەنگە هەبووە، لە ئەوروپادا هەردوو ناوەندەکە تووشی گرفتی زۆر هاتبوون لە ڕووی شێوازی فەرمانڕەوایەتی و ئابووری و کۆمەلایەتی و هزرییەوە، هەولیاندا لە چارەسەری کێشەکانی خۆیان لە دەرەوەی وولاتەکەیان بدۆزنەوە، خەلکەکانیان بە جەنگێکی دوور و درێژ خەريك بکەن و بیریان لە کێشەی ناوەخۆ دوور بکەوێتەوە، لەبەرئەوە پیاوانی ڕامیاری چوونە پال پیاوانی ئاینی و سەرکردایەتی ئەم جەنگەیان کرد، هەولّی فراوانکردنی سنووری دەسەلاتی خۆیاندا، لە ڕێگای داگیرکردنی زەوی زیاتر(زابوروف, ٢٠٠٦: ٤٠).

هۆکاری سێیەمیان ئابوورییە لە ئەنجامی خراپ بەکارهینانی دەسەڵات بێکاری و هەژاری زۆر بلاوبوویەوە لە ئەوروپا، لایەنی بازرگانی و کشتوکاڵ و پیشەسازی گرفتی بۆ دروست بوو، چینەکانی جوتیاران و کاسبکاران و بازرگانان زیانێکی زۆریان بەرکەوت، لە هەمان کاتدا لە ئەنجامی سەپاندنی سیستەمی دەرەبەگایەتی لەلایەن دەسەڵاتداران بەسەر کۆمەڵگای ئەوروپا ژیانی خەڵکەکە قورس و زەحمەت بوو، دوو جۆر لە چینەکان پەیدابوون، یەکێکیان ژیانێکی یەکجار خۆش بوو ئەوانیش دەسەلاتداران و پیاوانی ئاینی و بورجوازەکانی دەگرتەوە، ئەوەی تریان ژیانی زۆر لە خوارەوە بوو هەژاران و کاسبکاران و کۆیلەکانی دەگرتەوە، دەوڵەت باج و سەرانەی زۆری بەسەردا سەپاند بوون، ژیانیان لە ئەوپەری ناخۆشی و قورسی دابوو، پیاوانی ڕامیاری و پیاوانی ئاینی ئەمەیان بە دەرفەت زانی بانگەشەی ئەوە بکەن بۆیان ئەوەی بەشداری جەنگی خاچییەکان بکات لێخۆشبوونی بۆ دەردەکەن لە دانی باج و سەرانە، هەروەها لە ناوچە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پیرۆزەکان لە وولاتی شام ژیانیان گۆڕانکاری بەسەر دێت، لەبەرئەوەی ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە خێر و بێرێکی زۆر، شوێنێکی زۆر لەبارە بۆ بازرگانی و کاسبی کردن(زابورون, ١٩٨٦: ٢٣-٢٤) ؛ (عاشور, ١٩٨٨: ٨١-٨٨) ؛ (عمران, ٢٠٠٠: ١٩-٢٠) ؛ (عوض, ٢٠٠٠: ٢٧).

هۆکاری چوارەمیان کۆمەلایەتی بووە ئەمەشیان لە ئەنجامی خراپی بارودۆخی ڕامیاری و ئابووری وولات تێکچوونێکی کۆمەلایەتی دروست بوو، بە تایبەت سەپاندنی سیستەمی دەرەبەگایەتی هەروەك باسمان کرد چینی جیاوازی لێ دروست بوو، ئەم جیاوازی چینایەتییە ناکۆکیەکی زۆری لە نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگا دروست کردبوو، لە هەمان کاتدا جەنگەکان، یەکێك لەم چینانەی هەستی بە جیاوازییەکی زۆر کرد چینی سوارچاکەکان بوون، ئەوانە لە هەموو جەنگەکان ڕۆلی سەرەکیان بینیووە، بەڵام هەستیان دەکرد لە پێدانی مافەکانیان و پاداشت کردنیان بە زەوی و ژیانی خۆش بێبەش کرابوون (إسماعیل, ٢٠٢١: ٢٣٨-٢٣٩) ؛ (عطیة, ٢٠١٠: ٢٥) ؛ (فینوجرادوف, ١٩٥٨: ٦-٧) ؛ (لوبون, ٢٠١٣: ٣٣٢).

## ٢.١ هونەری نیگارکێشانی کلاسیك:

دەستەواژەی کلاسیک زۆرجار بە شتێک دەوترێت کە نەریتی و باو بێت، شێوازی کارکردن تیایدا لەسەر بنەماو یاسایەکی دیاریکراو بێت لەبواری هونەریدا، بۆیە لە زۆربەی سەرچاوەکان وشەی کلاسیکی بە واتای هونەری نەریتی (Traditional) لە فۆرم و شێواز و ناوەڕۆکدا دەناسێنن، بەکارهێنانی ئەو شێوازانەی لە ماوەیەکی زۆردا بەکارهێنراون یان پەرەیان پێدراوە، کە بە زۆری پشتیان بە دسپلین و یاسا و بنەماکانی سروشت بەستوو، ، بەم شێوەیە دەتوانین بلێین هەر شتێک کلاسیک بێت بە واتایە دێت کە دروستکرابێت بە هەمان بنەما و یاسا و شێوازی سەردەمی یۆنانی و ڕۆمانی کۆن، کە ئەم بنەماو یاسایانە لەدوایدا گواستراوەتەوە بۆ سەردەمەکانی دوای خۆیان(Vout, 2018: 2,12-13) ؛ (Sinclair, 1987)؛ (ناردۆ, ٢٠٢٥: ١٣٧-١٤٢).

هونەری کلاسیک، ئەو پرۆسە دینامیکی و گەشەندوانەش دەگرێتەوە کە بەدرێژایی مێژوو بەرهەم هێندراون، لە پشت کارەکانەوە بنەماکانی فەلسەفە و جوانی بوونی هەبووە، ئەمەش تەنها تێگەیشتنێکی ڕوکەشی نیە لە بابەت هونەر و کاری هونەریەوە، بەڵکو پرۆسەیەکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مەعریفیە و بەردەوام لە پەرەسەندن دایە بەهۆی گۆڕانکارییەکانی بەها کەلتوورییەکان (Vout, 2018: 1-3)، لەبەرئەوە بە بۆچوونی زۆربەی شارەزایان هونەری کلاسیک بارودۆخێکی هەمیشە زیندووی هەبوو، بە پێچەوانەی زۆربەی هونەرەکانی تری ڕۆژئاوا ئەوانەی لە دوای سەردەمی ڕێنیسانس پەیدابوون، کە هەندێک کاتدا لە مەبەستی کلاسیک لایان دەدا، کە زیاتر بۆ نمایش و سەرسام بوون دەردەکەوتن، بەڵام هونەری کلاسیک هەمیشە وەکو لایەنێکی زیندوو لە ناو کۆمەڵگادا بۆ خزمەتکردنی لایەنی کەلتووری و مەعریفی دەرکەوتووە، دروشمی ئەم هونەرە ئامانجەکەی ئەوە نەبووە کە هونەر لە پێناو هونەر دا بێت بەڵکو بۆ خزمەتکردنی لایەنەکانی ئایینی و ڕۆحی و شارستانی دروستکرابوو و بەتایبەت سەرهەڵدانی بەهاو گرنگی بیری مرۆڤدۆستی و عەقڵ ئەمەش بە چەندین قۆناغ بەردەوام بوو لە مێژوودا ڕەنگی دەدایەوە و سەری هەڵدەدایەوە وەک سەردەمەباوەکانی ڕێنیسانس و دواتر کلاسیکی نوێ( Oxford, 2014: 8)، (هیغل, ١٩٧٩: ١٢٠).

### ٣.١ ڕەنگدانەوەی جەنگی خاچییەکان لە هونەری نیگارکیشانی کلاسیك:

جەنگەکانی خاچییەکانی لە نێوان ساڵانی (٤٩٢ – ٦٨٨ ك / ١٠٩٥ – ١٢٩٠ ز) ڕوویدا ڕەنگدانەوەی هەبوو لەکاری هونەری بەشێك لە نیگارکێشانی کلاسیك بێگومان هونەرمەندانی نیگارکێش وەکو ئەدیبان و نووسەران و مێژوونووسان هەوڵیاندا ڕۆلیان هەبێت لە نیشاندانی کاریگەرییەکانی ئەم جەنگە(تۆفیق, ٢٠٢٤: ٥٦٨-٥٦٩) کە بۆ ماوەی دوو سەدە لە نێوان ڕۆژئاوای مەسیحی و ڕۆژهەلاتی ئیسلامی ڕوویداوە، بەشێك لە نیگارکیشان بە وێنە ڕوونکەرەوەکان(الرسم توضيحي- Illustration) (وێنەی ژمارە ١-٢)، گوزارشتیان لە جەنگێك یان دیمەنێك یان سەرکردەیەکی جەنگەکە کردووە، ئەمەش وەکو پالپشتێك بۆ نووسینەکانی ناو



(-وێنەی ژمارە -١)
وێنەی ڕوونکردنەوەی دەربارەی شاڵاوی یەکەمی خاچیەکان لەلایەن: سێباستیان مارمۆرێت



(وێنەی ژمارە -٢-)
وێنەی ڕوونکردنەوە دەربارەی پێشکەشکردنی پەیکەری مەسیح لەلایەن پاشای خاچیەکان فولک بۆ هاوسەرەکەی مێلیسند لەلایەن هونەرمەند ئێگەرتۆن



(وێنەی ژمارە -٣-)
وێنەی یەکێک لە گۆڕەکانی لە قودس(ئۆرشەلیم)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەستنووسەکان و کتێبە مێژووییەکان،ئەم دەستنووسانە وێنەکردنیان لەگەڵ گێڕانەوەی دەقی تێکەڵ کردووە، کە تێڕوانینەکانیان بۆ دیدگای سەدەی ناوەڕاست سەبارەت بە شەڕە خاچپەرستەکان پێشکەش کردووە، لەم سەردەمەدا زیاتر وێنەی بچووکراوە(المنمنات/Miniature) باو بووە،(Riley-Smith, 1995: 13-33)، ئەوەی شایەنی باسکردنە سەرەتای دەستپێکردنی کاری هونەری دەربارەی جەنگی خاچیەکان بە نوسینی ناوی سەرکردەکان و دانانی وێنەکانیان و هێمای خاچ لەسەر گۆڕەکانیان (وێنەی ژمارە-٣-) دەستی پێکرد، (Folda, 2008: 22) (تۆفیق, ٢٠٢٤).

بۆ نموونە نیگارکێشانی کلاسیك بە ماوەیەکی کەم لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگەکانی خاچییەکان دەستیان کردووە بە دروستکردنی تابلۆ لەسەر جەنگەکە، یەکێك لەم نیگارکێشانە بەناوی کۆرنێلیس کلایز ڤان ویرینگن(Cornelis Claes van Wieringen) بوو، تابلۆیەکی لەسەر ئەم جەنگە کردووە لە ساڵی (١٦٢٧) دا بەناوی کەشتییەکی هارلم لە ١٥ی تشرینی دووەمی (١٢١٩) زنجیرەی بەندەری دامیتا دەبڕێت ( A Haarlem ship cuts the chain of the port of Damietta on November 15, 1219) (بڕوانە وێنەی ژمارە ٤)، ئەم تابلۆیەی لەسەر کانڤاس بە ڕەنگی ڕۆنی دروستکردووە، لە ئێستادا لە مۆزەخانەی فرانس هالس هەڵگیراوە(Wikimedia, 2024: Online). هەروەها لە ساڵی (١٦٢٨) دا نیگارکێشێکی تر بەناوی دەیڤید تێنییرس تابلۆیەکی لەسەر جەنگی خاچییەکان بە ناوی ئارمیدە پێش گۆدفرێی بۆیلۆن (Armida in front of Gottfried of Bouillon) کێشاوە (بڕوانە وێنەی ژمارە ٥)، ئەم تابلۆیە لەسەر مس بە ڕەنگی ڕۆن دروستکراوە، لە ئێستادا لە مۆزەخانەی نیشتمانی دێل پرادۆ لە شاری مەدرید لە وولاتی ئیسپانیا هەڵگیراوە(Prado, 2025: Online) ؛ (America, 2025: Online). لەلایەکی تر لە ساڵی (١٦٤٥ زاینی)دا لەلایەن نیگارکێش پاولۆ دۆمێنیکۆ فینۆگیا(Paolo Domenico Finoglia) تابلۆیەکی لەسەر جەنگی خاچییەکان کێشاوە، بەناوی کلۆریندا هێرش دەکاتە سەر تانکرێدی (Clorinda attacks Tancredi) (بڕوانە وێنەی ژمارە ٦)، ئەم تابلۆیە لەسەر کانڤاس بە ڕەنگی ڕۆنی دروستکراوە، لە ئێستادا لە کۆشکی ئاکواڤیڤا لە کۆنڤێرسانو لە وولاتی ئیتاڵیا پارێزراوە(Wikimedia, 2006: Online).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



(وێنەی ژمارە -٤-)
کەشتییەکی هارلم لە ١٥ی تشرینی دووەمی ١٢١٩ زنجیرەی بەندەری دامیتا دەبڕێت، لەلایەن هونەرمەند، کۆرنێلیس کلایز ڤان ویرینگ.



(وێنەی ژمارە -٥-)
ئارمیدە لەبەردەم گۆتفرید لە بۆیلۆن، لەلایەن هونەرمەند دەیڤید تێنیێرس



(وێنەی ژمارە -٦-)
کلۆریندا هێرش دەکاتە سەر تانکرێدی لەلایەن هونەرمەند پاولۆ دۆمێنیکۆ فینۆگیا

لەساڵی (١٨٣٥) دا لەلایەن نیگارکێش کارل فریدریش لێسینگ(Karl Friedrich Lessing) تابلۆیەک بەناوی دواین خاچپەرست(The Last Crusader) کێشاوە (بڕوانە وێنەی ژمارە ٧)، بە کەرەستەی ڕەنگی ڕۆنی لەسەر کانڤاس دروستیکردوە، لە ئێستادا ئەم تابلۆیە لە مۆزەخانەی ڕینیشێس لاندیس بۆن لە وولاتی ئەڵمانیا دانراوە(contributors, 2025: Online)، هەروەها لە ساڵی (١٨٣٩) دا لەلایەن نیگارکێش ژان جۆزێف داسی(Jean Joseph Dassy) تابلۆیەک لەسەر جەنگەکانی خاچییەکان بەناوی شەڕی نێوان ڕۆبێرت، دوکی نۆرماندی و جەنگاوەرێکی ساراسین لە ساڵی (١٠٩٨)دا (Battle between Robert, Duke of Normandy and a Saracen warrior in 1098) کێشاوە، ئەم تابلۆیە لەسەر کانڤاس بە ڕەنگی ڕۆن دروستکراوە، لە ئێستادا لە کۆشکی ڤێرسای پارێزراوە، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٨)، (Cartwright, 2018: Online) ؛ (Britannica, 2024: Online)، لە هەمان ساڵدا و لە ساڵی (١٨٣٩) دا لەلایەن نیگارکێش ڕێنێ تیۆدۆر بێرتۆن(René Théodore Berthon) تابلۆیەک لەسەر جەنگەکانی خاچییەکان بەناوی فیلیپ دی ڤیلیێرس دی ل ئایل ئادەم لە ٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٥٣٠ دەستی بەسەر دوورگەی ماڵتادا گرت( Philippe de Villiers de l'Isle Adam prend possession de l'île de Malte, le 26 octobre 1530)، ئەم



(وێنەی ژمارە -٧-)
دواین خاچپەرست لەلایەن، هونەرمەند کارل فریدریش لێسینگ



(وێنەی ژمارە -٨-)
شەڕی نێوان ڕۆبێرت، دوکی نۆرماندی و جەنگاوەرێکی ساراسین لە ساڵی ١٠٩٨ دا ، لەلایەن ژان جۆزێف داسی



(وێنەی ژمارە -٩-)
فیلیپ دی ڤیلیێرس دی ل ئایل ئادەم لە ٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٥٣٠ دەستی بەسەر دوورگەی ماڵتادا گرت، لەلایەن هونەرمەند ڕێنێ تیۆدۆر بێرتۆن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تابلۆیە لەسەر کانڤاس بە ڕەنگی زەیتی دروستکراوە، لە ئێستادا لە کۆشکی ڤێرسای لەفەرەنسا هەلگیراوە (بڕوانە وێنەی ژمارە ٩)، (Wikimedia, 2025c: Online).

لە ساڵی (١٨٤٠) دا لەلایەن نیگارکێشی مێری جۆزێف بلۆندێل(Merry Joseph Blondel) تابلۆیەك لەسەر جەنگەکانی خاچییەکان بەناوی بەتلیمۆیس درا بە فیلیپ ئۆگەستۆس(1840 Ptolemais Handed To Philippe-auguste) کێشاوە (بڕوانە وێنەی ژمارە ١٠)، ئەم تابلۆیەی لەسەر کانڤاس بە ڕەنگی زەیتی دروستکردووە(Wikimedia, 2025d: Online) ؛ (Art, 2025: Online)، لەلایەکی تر لە ساڵی (١٨٤٢) دا لەلایەن نیگارکێش چارلز ئەلێکساندەر دیبا (Charles-Alexandre Debacq) تابلۆیەك لەسەر جەنگەکانی خاچییەکان بەناوی داگیرکردنی تەڕابلوس(Conquest of Tripoli) کێشاوە (بڕوانە وێنەی ژمارە ١١)، ئەم تابلۆیە لەسەر کانڤاس بە ڕەنگی ڕۆنی دروستکراوە، لە ئێستادا لە کۆشکی ڤێرسای (فەرەنسی) هەلگیراوە(Wikimedia, 2025b: Online)، هەروەها لە



(وێنەی ژمارە -١٠-)
*بەتلیمۆیس درا بە فیلیپ ئۆگەستۆس لەلایەن، هونەرمەند مێری جۆزێف بلۆندێل*



(وێنەی ژمارە -١١-)
*داگیرکردنی تەڕابلوس، لەلایەن هونەرمەند چارلز ئەلێکساندەر دیبا*



(وێنەی ژمارە -١٢-)
*لابردنی گەمارۆدانی ماڵتا لەلایەن، هونەرمەند چارلز فیلیپ لاریڤێر*

هەمان ساڵدا و لە ساڵی (١٨٤٢) دا لەلایەن نیگارکێش چارلز فیلیپ لاریڤێر (Charles Phillippe Lariviere) تابلۆیەك لەسەر جەنگەکانی خاچییەکان بەناوی لابردنی گەمارۆدانی ماڵتا(Lifting of the Siege of Malta) کێشاوە، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١٢)، ئەم تابلۆیە بە ڕەنگی ڕۆنی لەسەر کانڤاس دروستکراوە(WikiArt, 2025: Online) ؛ (Welsh, 2019: Online).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها نیگارکێش چارڵز فیلیپ لاریڤیێر(Charles Phillippe Lariviere) لە ساڵی (١٨٤٤) دا تابلۆیەکی تری لەسەر جەنگەکانی خاچییەکان کێشاوە بەناوی شەڕی عسقلان لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١١٧٧ (Battle of Ascalon, 18 November 1177) (بڕوانە وێنەی ژمارە -١٣-)، ئەم تابلۆیە لەسەر کانڤاس بە ڕەنگی ڕۆنی دروستکراوە، لە ئێستادا لە مۆزەخانەی کۆشکی ڤێرسای لە وولاتی فەڕەنسا هەلگیراوە(Wikimedia, 2025e: Online)، هەروەها لە هەمان ساڵدا لە ساڵی (١٨٤٤) دا نیگارکێش جەیمس ئارچەر(James Archer) تابلۆیەکی لەسەر جەنگەکانی خاچییەکان بەناوی پیتەر بانگەشەی یەکەمین جەنگی خاچییەکان دەکات (Peter the Hermit Preaching the First Crusade)، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١٤)، ئەم تابلۆیەی لەسەر کانڤاس بە ڕەنگی ڕۆنی دروستکردووە، لە ئێستادا لە کتێبی مێژووی ئینگلتەرا لەلایەن کاسێلەوە هەڵگیراوە(Hansley, 2020: Online)، هەروەها لەم ساڵەدا لە ساڵی (١٨٤٤) دا نیگارکێش ئێلۆی فیرمین فیرۆن(Éloi Firmin Féron) تابلۆیەکی لەسەر جەنگەکانی خاچییەکان بەناوی جەنگی ئەرسوف (Battle of Arsuf) کێشاوە (بڕوانە وێنەی ژمارە ١٥)،  ئەم تابلۆیەی لەسەر کانڤاس بە ڕەنگی زەیت دروستکردووە( Wikimedia, 2025a: Online).

**تویژگەی دووەم: میدجۆرنی(Midjourney) و هونەری نیگارکێشان:**

**١.٢ ناساندنی زیرەکی دەستکرد(Artificial Intelligence):**



(وێنەی ژمارە -١٣-)
*شەڕی عسقلان لە ١٨ ی تشرینی دووەمی ١١٧٧ لەلایەن هونەرمەند چارڵز فیلیپ لاریڤیێر*



(وێنەی ژمارە -١٤-)
پیتەر بانگەشەی یەکەمین جەنگی خاچییەکان دەکات، لەلایەن هونەرمەند جەیمس ئارچەر



(وێنەی ژمارە -١٥-)
*جەنگی ئەرسوف، لەلایەن هونەرمەند ئێلۆی فیرمین فیرۆن*

زیرەکی دەستکرد (Artificial Intelligence) بوارێکی تەکنەلۆژیایە، لە ڕێگای ئامێرەکانی کۆمپیوتەرەوە کارەکان ئەنجام دەدات، لە پێناو خزمەتکردنی بوارەکانی ژیان پەیدابووە، لەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناوەدا خزمەتێکی زۆری بواری هونەری نیگارکێشانی کردووە، ئەم تەکنەلۆژیایە لە ڕێگای گفتوگۆکردن لەگەڵ مرۆڤەکان جۆرە تێگەیشتنێکی لە مەبەستەکانی مرۆڤەکە بۆ دروست دەبێت، لە ئەنجامدا دەتوانێت وەڵامی داواکارییەکانی بداتەوە، بە واتایەکی تر مرۆڤەکان هەر داواکاریەکیان هەبێت لە ڕێگای (Text Prompt) یان (Voice Prompt) گفتوگۆ لەگەڵ زیرەکی دەستکرد دەکەن، زۆرجار زیرەکی دەستکرد داوای وێنە و ڤیدیۆ و فایلی پی دی ئێف و شتی تر دەکات، تاوەکو زیاتر لە مەبەستەکانی مرۆڤ تێبگات، بۆ ئەوەی وەڵامەکانی گونجاوتر و دروستر بێت(Russell and Norvig, 2003: 1-5) ؛ (عزیز, ٢٠٢٤: ٢٠).

سەرەتای سەرهەڵدانی زیرەکی دەستکرد(AI) وەک سیستەمێک لە زۆربەی سەرچاوەکان دەیگەڕێننەوە بۆ کۆنفرانسی دارتمۆس(Dartmouth Conference) لە ساڵی (١٩٥٦ز) ئەم ڕووداوە سەرەکیە کە لەلایەن جۆن مەکارتی، مارڤین مینسکی، ناتانییڵ ڕۆچێستەر و کلۆد شانۆنەوە ڕێکخرابوو، توێژەرانی پێشەنگی ئەم بوارەی کۆکردەوە کە ئارەزووی ئەوەیان هەبوو کۆپی هاوشێوەی زیرەکی مرۆڤ دروستبکەنەوە لەسەر ئامێرەکان، هەر لەم کۆنفرانسەدا بوو کە جۆن مەکارتی زاراوەی زیرەکی دەستکرد(Artificial Intelligence)ی هێنا کایەوە، (Russell and Norvig, 2010: 17).

تێکەڵکردنی زیرەکی دەستکرد (AI) بەتایبەت لە لەگەڵ بواری نیگارکێشان و هونەری بینراودا ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، کاتێک تەکنەلۆژیاکانی ژمێریاری سەرەتایی چەند تاقیکردنەوەیەکیان کرد لە نێوان ساڵانی (١٩٥٠ - ١٩٦٠) دا، شارەزایانی ئەو بوارە بەدواداچوونیان بۆ شێوازی ئەلگۆریتم(Algorithm)ی کرد بۆ دروستکردنی شێوەی بینراو، ئەمەش یەکەم هەنگاوەکانی بەرەو بە ئۆتۆماتیکیکردنی بەرهەمهێنانی کاری هونەری بوو، ئەوانەی پێشەنگبوون لەم بوارە وەک ئەی مایکل نۆڵ و فریدەر نایک، کە سوودیان لە کۆمپیوتەری سەرەتایی بینی بۆ بەرهەمهێنانی دیزاینی شێوە ئەندازەیی، زۆرجار بۆ بیرۆکەکانیان سودیان لە لە بزووتنەوە مۆدێرنیستەکانی وەکو ئۆپ ئارت و ئەبستراکت ئێکسپرێشنیزم وەردەگرت، لەم کارە سەرەتاییانەیان پشتیان بە ئەلگۆریتمەکانی بیرکاری بەستبوو، دەیانویست ئەوە نیشان بدەن کە ئامێرەکان دەتوانن شێوازە هونەریەکان لاسایی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بکەنەوە، هەرچەندە هێشتا بەتەواوی داهێنانێکی ئەوتۆیان نەکردوە، بیرۆکە بنەڕەتیەکەیان ئەوە بوو کە دەتوانن هونەر لە ڕێگەی کۆدی پرۆگرامسازیەوە سیستەماتیک بکەن(Reichardt, 1971: 15-49).

زیرەکی دەستکرد(AI) لە ساڵی(١٩٧٠)دا زیاتر دەستی کرد بە پەرەسەندن، هارۆڵد کۆهین (Harold Cohen) کە لە ساڵی (١٩٧٣) پەرەی بە ئارۆن (AARON)دا، بووە یەکێک لە



(وێنەی ژمارە - ١٦-)
ئەو وینانە لەلایەن رۆگرامی ئارۆنەوە بەرهەم هێنراون



(وێنەی ژمارە - ١٧-)
هونەرمەند هارۆڵد کۆهین ڕەنگکردنی ئەو فۆرمانەی کە لەلایەن ئارۆنەوە بەرهەم هێنراون

یەکەم سیستەمی (AI)کە توانای بەرهەمهێنانی نیگارکێشانی هەبوو، وەکو دارشتن و هەڵبژاردنی ڕەنگ، (سەیری وێنەی ژمارە ١٦-١٧ بکە)، کارەکانی هارۆڵد کۆهین زیاتر تیشکی خستە سەر توانای ئامێرەکان، هەروەها هونەرمەندەکانی وەک ڤێرا مۆلنار(Vera Molnar) ئەلگۆریتمەکانی ستۆکاستی هەڕەمەکی (Stochastic Randomized) یان بەکارهێنا بۆ دروستکردنی بەرهەمی هونەری ئەبستراکت(Abstract)، کە وەک تێکەڵکردنی دوو حاڵەت بوو لە چانس(Chance) و کۆنترۆڵ(Control) بۆدروستکردنی وێنەکان (Diehl, 2024؛ (Sautoy, 2019: 116-122).

لە نێوان ساڵانی (١٩٨٠ - ٢٠١٠)دا گۆڕانکاریەکان بەرەو تۆڕە دەمارییەکان( Neural Networks) و فێرکردنی ئامێرەکان ڕۆشت، لێرەوە سیستەمی زیرەکی دەستکرد لەتوانایدا هەبوو شیکاری و لاسایی شێوازە هونەریەکان بکات، لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٩٠)دا پرۆژەی وەک گەمژەی نیگارکێشان(The Painting Fool) لە گەشەپێدانی سیمۆن کۆڵتۆن( Simon

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(Colton ئاستی زیرەکی دەستکردی لە دروستکردنی وێنەی زیاتر سۆزداری هەستەکی بەرزکردەوە، (سەیری وێنەکانی ١٨-١٩-٢٠ بکە)، هەروەها دەیانویست پرسیار بورژێنن سەبارەت بە مەبەستی ئێستاتیکی لە هونەری دەستکردی ئامێردا، هەروەها لە ساڵی (٢٠١٠)دا توێژەر لیۆن گاتیس(Leon Gatys) هەوڵی گواستنەوەی شێوازەکانی دەماری(Neural Styles)دا، ئەم پێشکەوتنانە ڕێگەیان خۆشکرد کە زیرەکی دەستکرد کارە هونەریەکان بگۆڕێت بۆ شێوازی وێنەکردن (بۆ نموونە، فڵچە لێدان یان پالێتی ڕەنگەکان) کە بە شێوەیەکی ئەلگۆریتم تێکەڵیان بکات(Colton, 2012)، (Colton et al., 2015).

هونەری زیرەکی دەستکرد لە سەدەی بیست و یەکدا گۆڕانکاری گەورەی بەدیهێنا، کە بەهۆی زیاتر پەرەسەندنی فێربوونی قووڵ(Deep Learning) و تۆڕە نەیارەکانی دروستکەر(GANs) دەرکەوتن، لە ساڵی (٢٠١٤)دا ئیان گودفیلۆ( Ian Goodfellow) لەڕێگای زیرەکی دەستکرد توانی وێنەی زۆر واقیعی بەرهەم بهێنێت، ئەویش لەڕێگای دوو تۆڕی دەماری دژ بەیەک یەکیان بەرهەمهێنەر(Generator) ئەوەی تر هەڵسەنگێنەر(Discriminator)،


(وێنەی ژمارە - ١٨-)
دروستکراوە لەلایەن (نیگارکێشی گەمژە)


(وێنەی ژمارە - ١٩-)
دروستکراوە لەلایەن (نیگارکێشی گەمژە)
Painting Fool


(وێنەی ژمارە - ٢٠-)
دروستکراوە لەلایەن (نیگارکێشی گەمژە)
Painting Fool


(وێنەی ژمارە ٢١)
پۆرترێتی ( Edmond de Belamy)

ئەم پێشکەوتنە بووە هۆی پرۆژەی وەک(Obvious Art)، کە پۆرترێتی ( Edmond de Belamy) پێ دروستکردووە کە لەساڵی ٢٠١٨ بە (٤٣٢,٥٠٠) دۆلار فرۆشرا، (سەیری وێنەی ژمارە ٢١) بکە، ئەمەش بووە هۆی گفتوگۆی جیهانی لەسەر تواناکانی ئامێر و بەهای هونەری لە نێو ئامێرەکانی زیرەکی دەستکرد بۆ دروستکردنی وێنەی هونەری، لە ساڵی (٢٠١٥)دا دیپ

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دریم(DeepDream)ی کۆمپانیای گووگڵ ڕێگای خۆشکرد بۆ بەکارهێنەرەکانیان، تاوەکو بتوانن لە ڕێگای زیرەکی دەستکرد وێنەکان بگۆڕن بۆ تێکەلکردنی شێوازی دیمەنەکانی واقعی و سوریالی(Li, 2021)،(Miller, 2025).

بەڵام سەبارەت بە میدجێرنی(Midjourney) کە یەکێکە لە تەکنەلۆژیاکانی زیرەکی دەستکرد (AI)، بە ئامرازێکی گرنگ دادەنرێت بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی وێنەکان و بەتایبەت وێنە مێژووییەکان بە کوالێتیەکی بەرز و ووردیەکی زۆر، (سەیری وێنەکانی ژمارە ٢٢-٢٣-٢٤ بکە)، ئەم تەکنەلۆژیایەی زیرەکی دەستکرد لە تواناى دا هەیە دەق(Text) بگۆڕێت بۆ وێنە و بەرهەمی هونەری، بە بەکارهێنانی تێکەڵەیەک لە مۆدێلی فێربوونی قووڵ(Deep Learning) و مۆدێلی و پرۆسێسی بڵاوبوونەوە(Diffusion Processes)، ئەمەش بە پێچەوانەی سۆفتوێرە تەقلیدیەکانی وەک ئەدۆبی فۆتۆشۆپ و ئلسترەیتەر و بەرنامەکانی تری دەستکاری وێنە، لە زیرەکی دەستکرددا دەستکاری وێنە هەبووەکان ناکات بەڵکو وێنەو دیمەنی نوێ بەرهەمدەهێنێت لەسەر بنەمای زانیاری زمانەوانی دەق(Text Prompt)، بۆ نموونە وەکو ئەم دەقە: ((قەڵایەک لە سەدەی ناوەڕاست لە کاتی خۆرئاوابووندا، بە شێوازی نیگارکێشانی زەیتی سەردەمی کلاسیکی))، کاتێک پێمان دا، ئەویش چوار جۆری دیمەنی جیاواز لە یەک کاتدا بەرهەم دەهێنێت کە تەلارسازی مێژوویی لەگەڵ شێوازی کلاسیکی تێکەڵ دەکات(Dhariwal and Nichol, 2021)، (Mayers, 2024).

میدجۆرنی(Midjourney) لەسەرەتادا لە تاقیگەکانی سەربەخۆوی توێژینەوەکان دامەزراوە بە سەرکردایەتی دەیڤید هۆلز(David Holz)، کە هەولیدا وەك ڕێگایەك بێت بۆ بەرجەستەکردنی تواناکانی خەیاڵی مرۆڤ لە ڕێگای زیرەکی دەستکرد(AI)، لە سەرەتادا وەک



میدجێرنی (وێنەی ژمارە -٢٢-)



میدجێرنی (وێنەی ژمارە -٢٣-)



میدجێرنی (وێنەی ژمارە -٢٤-)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تاقیکاری بڵاوکرایەوە، بەڵام لە دوایدا بە خێرایی بڵاوبویەوە و جێگەی خۆی کردەوە لە بواری زیرەکی دەستکرد، بە تایبەت لە بەرهەمهێنانی وێنەدا، ئەویش بەهۆی یەکگرتنی لەگەڵ پلاتفۆرمی دیسکۆرد(Discord)، کە پلاتفۆرمێکە زیاتر بەکاردێت بۆ دانانی ئەکاونت بۆ ئەوانەی یارییە ئەلیکترۆنیەکان دەکەن، دوای ئەوە چەندین مۆدێلی تر بۆ بەرهەمهێنانی دەق و وێنە پەیدابوون، وەکو (DALL-E) ی سەر بە کۆمپانیای(OpenAI)، بەڵام میدجێرنی(Midjourney) لە هەموویان پێشکەوتوو ترە بە هۆی بوونی کوالێتیەکی بەرز لە بەرهەمهێنانی وێنەدا، هەروەها لە توانای دابوو شێوازی ئەبستراکت و چەندین شێوازی تر لە هونەر پێشکەش بکات، هەر لە سەردەمی کلاسیکەوە تا دەگاتە سەردەمی مۆدێرن و هاوچەرخ(Hanna, 2023a, Radhakrishnan, 2023).

## ٢.٢ تایبەتمەندییەکانی زیرەکی دەستکرد میدجۆرنی(Midjourney):

میدجێرنی کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەیە وادەکات لەچاو بەرهەمهێنەرەکانی تری وێنە لەزیرەکی دەستکرد پێشەنگ بێت لە بواری هونەری نیگارکێشاندا، هەوڵدەدەین لە خوارەوە ئاماژە بە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی میدجێرنی بکەین:

### ١.٢.٢ بەرهەمهێنانی وێنە بە کواڵیتیەکی زۆر بەرز:

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی میدجێرنی ئەوەیە توانایەکی زۆر بەرزی هەیە بۆ بەرهەمهێنانی وێنە بە کوالیتی ڕونیەکی(Resolution) بەرز و سەرنجراکێش،(سەیری وێنەکانی ٢٥-٢٦-٢٧-٢٨ بکە) نەک تەنها هەر ڕوونی هەیە، بەڵکو دەتوانێت وێنەکان بە ووردییەکی زۆر لە پێکهاتەی توخمەکانی ناو هەر وێنەیەک بەدی بکرێت، بۆیە مۆدێلەکانی فێرکردنی


میدجێرنی (وێنەی ژمارە (٢٥


میدجێرنی (وێنەی ژمارە


میدجێرنی (وێنەی ژمارە


میدجێرنی (وێنەی ژمارە (٢٨

میدجێرنی بەتایبەتی لە شێواز و کوالێتیدا ووردبینیەکی بەرز و بەهێزی هەیە، ئەمەش لە هەموو بەرنامەکانی تری زیرەکی دەستکرد نیە، ئەوانەی لە بواری نیگارکێشان و بەرهەمهێنانی وێنە کار دەکەن و سوودیان لێوەردەگیرێت(Xu and Huang, 2023: 1-2) ؛ (Filmora, 2025).

### ٢.٢.٢ داتابەیسی فراوان لە زۆربەی شێوازە هونەریەکان:

تایبەتمەندییەکی تری میدجێرنی ئەوەیە توانایەکی بەهێزی هەیە بۆ بەرهەمهێنانی وێنە لە هەموو شێوازە جیاوازەکانی بواری فۆتۆگرافی و هونەریدا، کە لە رێگایەوە بەکارهێنەران دەتوانن دیمەنی جۆراوجۆر دروست بکەن بە زۆربەی شێوازە جیاوازەکانی هونەری نیگارکێشان، هەر لە فۆرمەکانی هونەری کلاسیکەوە تاوەکو دەگاتە هونەری مۆدێرن، وەکو شێوازەکانی ئیمپرسیۆنیزم و ئێکسپرسیۆنیزم وسوریالی و کوبیزم و ئەبستراکت و...هتد، هەروەها دیزاینە


میدجێرنی (وێنەی ژمارە ٢٩


میدجێرنی (وێنەی ژمارە ٣٠


میدجێرنی (وێنەی ژمارە ٣١


میدجێرنی (وێنەی ژمارە ٣٢

دیجیتاڵییە هاوچەرخەکان، بەم رێگایە هونەرمەندان و دیزاینەران دەتوانن سوودی لێوەربگرن و بۆ زۆرێک لە پرۆژەکانیان بیگونجێنن،(سەیری وێنەکانی ٢٩-٣٠-٣١-٣٢ بکە)، (Palumbo, 2024) ؛ (Ellis, 2023: ئینتەرنێت).

### ٣.٢.٢ پشتیوانی زۆر بەهۆی پلاتفۆرمی دیسکۆرد(Discord):

یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی زیرەکی دستکرد میدجۆرنی بریتیە لە پشتیوانی کردنی ئەم بەرنامەیە لەلایەن پلاتفۆرمی دیسکۆرد(Discord)، ئەمەش وایکردووە ناوبانگێکی زۆر پەیدابکات، هەروەها بۆ بەکارهێنانی دەتواندرێت ڕاستەوخۆ وەک سێرڤەرێک لە ڕێگەی

پلاتفۆرمی دیسکۆردەوە بەکاری بێنین، ئەم پلاتفۆرمە وەک ناوەندێکە بۆ بەکارهێنەرانی بواری هونەر و دیزاین کە هونەرمەندانی بواری دیجیتاڵی لەوێوە هاوبەشی و هاوکاری یەکتر دەکەن، پرۆژەو چالاکیەکانیان نمایش دەکەن، دەتوانن گفتوگۆ لەسەر کارە دروستکراوەکانیان بکەن، ئاڵوگۆڕی زانیاری بکەن لە پرۆژەکانیاندا، ئەم لایەنەش وادەکات کە میدجێرنی پشتگیری بەرز بۆخۆی بەدەستبهێنێت، بەشێوەیەکی زیندوو بمێنێتەوە و ئەزموونی بەکارهێنانی بەرەو بەرزی بڕوات(Journey, 2024: Online) ؛ (Hanna, 2023b).

### ٤.٢.٢ ڕووکارێکی بەکارهێنەری جیاواز و دۆستانەی هەیە:

میدجێرنی ڕووکارێکی بەکارهێنەری دۆستانەی هەیە کە وادەکات پرۆسەی دروستکردنی وێنە ئاسان بکات بەکارهێنەر هەم لە ڕێگەی دەقی ڕاستەوخۆ کە پێی دەڵێن (Prompt) دەتوانن هەرچی داوابکەن بۆیان دەکاتەو وێنە لەگەڵ ئەوەشدا بوونی هەڵبژاردەی دەستکاریکردنی وێنەی بەرهەم هاتوو کە بەکارهێنەران دەتوانن ئەزموونەکانیان لە ڕێگەی تایبەتمەندیە جیاوازەکانی دەستکاریکردنی وێنە لەوانە ڕێژەی ڕووبەری وێنەکە(Aspect Ratio)، هەڵبژاردەکانی ستایل(Style preferences) و کواڵیتی وێنە(Resolution)، گەورەکردنی وێنە(Upscale) بکەن ئەمەش وادەکات کە ئاسانتر کۆنترۆڵکردنی وێنەکە بکەین(Journey, 2024: Online)؛ (Filmora, 2025: Online).

### ٥.٢.٢ نوێبوونەوە و گەشەپێدانی بەردەوام:

میدجێرنی بەشێوەیەکی بەردەوام پابەندە بە پەرەپێدان و داهێنانی، بەردەوام ئەلگۆریتمەکان و تایبەتمەندییەکانی نوێ دەکاتەوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کارایی و داهێنانی هونەری،



(وێنەی ژمارە ٣٣)
نموونەی وەشانەکانی پێشکەوتنی میدجێرنی

بەتایبەتی شێوازە هونەرییەکانی نیگارکێشان، کە تاوەکو ئێستا چەندین نوێکردنەوەی بۆ مۆدێلەکانی خۆی کردووە، ئەمەش وادەکات کێشەکانی بەزوویی چارەسەربکات، لەگەل پێشکەوتن و تواناکانی زیرەکی دەستکرد خۆی بگونجێنێت(سەیری وێنەی ژمارە ٣٣ بکە جیاوازی لەنێوان وەشانە جیاوازەکانی بکە چۆن گەشەی کردووە لە ڕووی کواڵیتی بەرهەمهێنانی وێنەکان(Hanna, 2023b: 42-47).

**٣.٢ زیرەکی دەستکرد میدجۆرنی(Midjourney) و بەرهەم هێنانی وێنەکانی جەنگەکانی خاچیەکان:**

بێگومان هەروەك ئاماژەمان پێکرد زیرەکی دەستکرد میدجێرنی توانایەکی بەهێزی هەیە لە دووبارە بەرهەم هێنانەوە وێنەکان، لەبەرئەوە نیگارکێشەکان پەنای بۆ دەبەن و سوودی لێ وەردەگرن لە کاری هونەری نیگارکێشاندا، دەتوانرێت داوا لە میدجێرنی بکرێت کارێکی هونەری دروست بکات، هەرچەند کارەکە لە پێشوودا لەلایەن هیچ هونەرمەندێك ئەنجام نەدرابێت، ئەمەش لە ڕێگای ئەو دەق(Prompt)ەی پێی دەدرێت، لە هەمان کاتدا دەتوانرێت کارێك لە پێشوودا ئەنجام درابێت و داوای لێ بکرێت دووبارە بۆت دروست بکاتەوە، بۆیە ئەم توێژینەوەی ئێمە تایبەتە بە دووبارە بەرهەم هێنانەوە ئەو تابلۆیانەی لەنیگارکێشانی شێوازی کلاسیك دەربارەی جەنگەکانی خاچییەکان ئەنجام دراون، نموونەکانی توێژینەوەی ئێمە شیکردنەوەی بەشێك لەو تابلۆیانە دەکات کە نیگارکێشانی کلاسیك دروستیان کردووە، بەراوردی دەکەین بەو تابلۆیانەی کە لە زیرەکی دەستکرد میدجێرنی دووبارە بەرهەمی دێنینەوە، تاوەکو بۆمان ڕوون بێتەوە، لە ڕووی کواڵێتی پالێتی ڕەنگ و دارشتن و ڕوانگەو وردەکاری و توێکاری بۆ ئەم مەبەستەش سێ(٣) نموونە وەک تاقیکردنەوە دروستدەکەینەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بەشی سێیەم

## (جێبەجێکردن و شیکردنەوەی توێژینەوە)

### ١ - کۆمەڵگەی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە کە نموونەی پێویست دەربارەی بابەتی توێژینەوەکە کۆبکرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە گەڕانێکی زۆرمان ئەنجامدا تاوەکو تواندرا دەوروبەری (١٠)دە نموونە کۆکرایەوە کە پەیوەستە بە بابەتی توێژینەوەکەمان، بەتایبەت ئەوتابلۆیانەی بەشێوازی کلاسیکی لەسەر جەنگی خاچیەکان دروستکراون.

### ٢- نموونەی توێژینەوە:

لە ئەنجامی ئەو نموونانەی کۆکرانەوە بۆ توێژینەوەکە تواندرا لەناویاندا (٣)سێ نموونە دەستنیشان بکەین بۆ ئەوەی کاری شیکردنەوەی توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجام بدەین، تاوەکو بگەین بە وەڵامی گونجاو دەربارەی ئەوانەی گفتوگۆمان لەسەرکرد لە بەشی تیۆریەکەی.

### ٣- ئامراز و کەرەستەکانی شیکارکردنی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا سود لە چەند ئامراز و کەرەستەیەک وەرگیراوە بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەم مەبەستەش شێوازی توێژینەوەی چۆنایەتی(Qualitative research) بەکار هاتووە لە سەر بنەمای دەقە بناغەییەکان و نووسینە کۆمێنتاریەکان، لە بابەتی هونەری نیگارکێشانی کلاسیکی وەک زەمینەیەکی تیۆری بنەڕەتی بەکارهێنران، هەروەها توێژینەوەکانی بەراوردکاری دەربارەی هونەری نیگارکێشان و زیرەکی دەستکرد پێداچوونەوە بە ئەدەبیاتی ئەکادیمی کە لە بابەت بزووتنەوە هونەرییە کلاسیکەکان و توێژینەوەکانی تایبەت بە جەنگی خاچیەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## شیکردنەوەی نموونەی (١)

ناونیشان: تینوویی خاچپەرستان لە نزیک قودس
لەلایەن: فرانسیسکۆ هایز
ساڵ: ١٨٣٦ - ١٨٥٠
کەرەستە: ڕەنگی ڕۆنی لەسەر کانڤاس
قەبارە: ٣٦٣ x ٥٨٩ سم
شوێن: کۆشکی شاهانەی تۆرین، تۆرینۆ , ئیتاڵیا



لەلایەن: زیرەکی دەستکرد - میدجێرنی- ڤێرژن 7 V
ساڵ: ٢٠٢٥
کەرەستە: دیجیتاڵ
قەبارە: ١٣٤٤ x ٨٩٦ پیکسڵ
لینک: https://cdn.midjourney.com/4ba9e4a1-03bd-4b59-8111-45771bee936c/0_1.png



گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



لەلایەن: زیرەکی دەستکرد - میدجێرنی- ڤێرژن 7 V
ساڵ: ٢٠٢٥
کەرەستە: دیجیتاڵ
قەبارە: ١٣٤٤ x ٨٩٦ پیکسڵ
لینک: -https://cdn.midjourney.com/88b71141-4264-4b01
be8b-748b375465f1/0_0.png

نموونەی یەکەم بریتیە تابلۆی تینوویی خاچپەرستان لە نزیک قودس( The thirst of the crusaders at Jerusalem) لەلایەن هونەرمەند(فرانسیسکۆ هایز) دروستکراوە ئەم تابلۆیە لە دیمەنێکی نائومێدی دەچێت، کە دیمەنی خاچیەکانە لە کاتی گەمارۆدانی قودس لە ساڵی (١١٨٧)دا نیشان دەدات، کۆمەڵێک فیگەر بە یەکەوە لەسەر ژینگەیەکی دەرەوە لەسەر زەوییەکی بەرز و نزم و بەردین کەوتوون، بارودۆخی جەستەیان وەک ئاماژەیەک تینویەتی و ئازاری توند نیشان دەدات، هەندێک لە فیگەرەکان دەست درێژ دەکەن و بە ڕواڵەت وا دەردەکەوێت داوای ڕزگاربوون بکەن، هەندێکی تریش لاواز و داماو دەرکەوتوون، پالێتێکی ئەو ڕەنگانەی بەکاری هێناوە زۆر تێر و گەرم و پرتەقاڵین، وەک قاوەیی و ئۆکەر، بەجۆرێک ژینگەیەکی کاریگەر و وشک و گەرم نیشان دەدەن، ڕووناکیەکی دراماتیکی کۆنتراست بەدی دەکرێت لە نێوان فیگەرەکان لە ناوەڕاستەوە ڕووناکە لە چواردەورەکەوە بەرەو تاریکی دەچێت.

شێوازی هونەری تابلۆکە بەگشتی پەیوەستە بە شێوازەکانی بنەماکانی وێنەکێشانی کلاسیکی، کە ئەناتۆمیەکی وردی هەیە، ڕێکخستنی فیگەرەکانی هاوسەنگە، بەڵام هەندێک گرنگی زیاتری بە هەست و سۆزی قووڵ و بابەتی دراماتیکی زۆر ورد داوە لە دەربڕینی فیگەرەکان یان ئەو ئاماژە شانۆییانەی هونەرمەند نمایشی کردووە لە تابلۆکە، هەروەها بوونی بنەمای کلاسیکی چیارۆسکۆرۆ(Chairuscoro)، دارشتنی بەهێز لە هاوسەنگی و هەماهەنگی نێوان فیگەرەکان وایکردووە کە چاوی بینەر بجولێنێت بەنێو تەواوی دیمەنی تابلۆکە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە وێنەی دروستکراوی زیرەکی دەستکرد لەو وەشانەی کە تەنها لەڕێگەی ئاماژەی دەقەوە دروستکراوە، ژینگەی تابلۆکەی لە کەش و هەوایەکی تاریک و دراماتیکی دەرخستووە، کە پەیوەندیدارە بە گەمارۆدان یان ململانێی مێژوویی جەنگی خاچیەکان و ئاماژەی کردووە بە هێمای خاچیەکان، دیمەنی گشتی وێنەکە ڕەنگێکی سوور و پرتەقاڵی زۆر چڕ زاڵە بەسەر تەواوی وێنەکە، ئەمەش پالێتی ڕەنگەکانی زۆرتر بەرەو لایەنی هەست و سۆزی بەهێز بردووە، لە کەشێکی ئاگرینی دەچێت، کەچی لە تابلۆ ڕەسەنەکە هێمنترە، فیگەرەکان بەشێکیان خاچیان هەڵگرتووە، لە دۆخێکی نارەحەتدا وێنا کراون، لە بابەت دارشتنەکە کەمێک پەرش و بڵاوە تا ئاستێکی باش سەرکەوتووە بەهۆی هاوسەنگی دینامیکی جوڵەی فیگەرەکان، لە باکگراوندەکەدا چەند دیمەنێکی تەلارسازی قەڵایەکی گەورەی وێنەکردووە بەمەش، ڕوانگەیەکی قووڵی بەخشیوە لە دوورەوە، هەروەها ئاسمانێکی سوری زەردباوی چڕو ڕووناک بەسەر کۆی گشتی دیمەنەکەدا زاڵ بووە  ئەمەش وادەکات چاوی بینەر هەست بە نارەحەتی بکات، جگە لەوەش کێشە لە لایەنی توێکاری و وردەکاری فیگەرەکان بەدی دەکرێت لە دەستیان یان بەتایبەت لەو فیگەرەی لای دەستی ڕاستی بینەر کە لەسەر زەوی کەوتووە وەک فیگەرێکی شێواو ناتەواو لە فۆرم دەبیندرێت.

لە وەشانی دووەمدا کە بە پێدانی دەق لەگەڵ تابلۆی ڕەسەنی هونەرمەند بەرهەم هاتووە، دەبینین لێکچوونەکەی نزیکترە بەتایبەتی لە پالێتی ڕەنگەکان، زیاتر هاوسەنگ و هارمۆنیە لەنێوان ڕەنگی زەرد و سور، ئەمەش بەڵانسی بینین هاوسەنگ دەکات، فیگەرەکان بە شێوازێکی دارشتنی پەرش و بڵاو ڕێکخراون و هەستکردن بە بێ هیوایی لە بەشێک لە فیگەرەکان دەرکەوتووە و نیشاندانی ئازار و ترس، وەک ئاماژەیەک بۆ دۆخێکی وێرانکەری جەنگ، جلو بەرگەکان لەم وەشانەدا زۆر باشتر دەرکەوتوون، بەهۆی پاراستنی بەهای ڕەسەنایەتی مێژوویی، هەروەها نمایشی زەوییە بەردینەکان وەک توخمێکی دیار و بەرچاو ئاماژەی پێکردووە، دروستکردنەوەی وێنەی قەڵا لە باکگراوندەکەدا، لەڕووی ژینگەو کەش و هەواوە زۆر نزیکە لە تابلۆیە ڕەسەنەکە، ڕوانگەکەی سەرکەوتووە، بەڵام هێشتا لایەنی وردەکاری بەتەواوی گرنگی پێنەدراوە  بۆنموونە لەم وەشانەشدا دەبینین هەندێک لە فیگەرەکان کێشەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تویێکاریان هەیە بەتایبەت ئەو دوو فیگەرەی لای دەستی چەپی بینەر لە خوارەوە کێشەی تویێکاری زۆرە، فۆرمی دەست و قاچیان ڕێک نیە هەروەها گرنگی بە ڕوخساری زۆربەی فیگەرەکان نەدراوە، ئەمەش کێشەیە بەتایبەتی لە وێنەکێشانی شێوازی کلاسیکی.

### شیکردنەوەی نموونەی (٢)



ناونیشان: خاچپەرستان پێش رزگارکردنی قودس
لەلایەن: ئیمیل سیگنۆل
ساڵ: سەدەی نۆزدەهەم
کەرەستە: ڕەنگی ڕۆنی لەسەر کانڤاس
قەبارە: نەزاندراو
شوێن: کۆشکی ڤێرسای پلەیس دی ئارمز



لەلایەن: زیرەکی دەستکرد - میدجێرنی- ڤێرژن 7 V
ساڵ: ٢٠٢٥
کەرەستە: دیجیتاڵ
قەبارە: ١٢٠٠ x ٩٩٢ پیکسڵ
لینک: https://cdn.midjourney.com/c40cb286-e7ed-420d-b6a8-066a27573b61/0_0.png

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



لەلایەن: زیرەکی دەستکرد - میدجێرنی- ڤێرژن **7** V
ساڵ: ٢٠٢٥
کەرەستە: دیجیتاڵ
قەبارە: ١٢٠٠ x ٩٩٢ پیکسڵ
لینک: https://cdn.midjourney.com/6c0b6e89-1ea5-4f83-8d26-ae61be1d1ea0/0_0.png

تابلۆی خاچیەکان پێش رزگارکردنی قودس(Taking of Jerusalem by the Crusaders, 15th July 1099) لەلایەن هونەرمەند ئیمیل سیگنۆل(Émile Signol)کێشراوە، یەکێکە لە تابلۆ بەناوبانگەکانی نیگارکێشی ناوبراو، بەشێوازێکی کلاسیکی کارەکە ئەنجامدراوە، لەم تابلۆیەدا ساتەوەختی گەمارۆدانی شاری قودس(ئۆرشەلیم) نیشاندەدا، لە کاتی یەکەم شاڵاوی خاچیەکان بۆ سەر شارەکە لە ساڵی(٤٩٩ک/١٠٩٩ز)دا، تابلۆکە گوزارشت لە دیمەنێکی جەنگ دەکات، لە ناوەڕاستی تابلۆکەدا کۆمەڵێک جەنگاوەری خاچی دەردەکەوێت، کە زۆربەیان هێمای خاچ بە ڕەنگی سوور لەسەر جلەکانیان داندراوە، کە بەشێوەیەکی زەق دەریخستووە، لەناوەڕاستی تابلۆکە سوارچاکێک دەردەکەوێت، هەردوو دەستی بەرز کردووەتەوە بۆ سەرەوە، لە هەمان کاتدا لە باکگراوندا دیمەنی پەرستگایەک دەبیندرێت، ، لە پێشەوەی تابلۆکە چەندین سەرباز لەگەڵ ژمارەیەک لە هاولاتی سڤیل بە بریندارى کەوتوون، بەگشتی تابلۆکەی هونەرمەندی ناوبراو دیمەنی کارەساتباری جەنگ دەخاتە ڕوو، کە کوشتن و خوێن ڕشتن و کاولکاری نمایشکردووتەوە(Signol, 2023: Online).

لەم تابلۆیەدا هونەرمەند تەکنیکە تەقلیدییەکانی نیگارکێشانی زەیتی سەردەمی کلاسیکی بە کارهێناوە، ئەویش بە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ڕوناکی نەرم و دراماتیکی هەروەها و هارمۆنی ڕەنگی، لە کەشێکی خۆڵەمێشیدا، ڕەنگی ئۆکەری زەردباو هەروەها ئەناتۆمی واقیعی ورد کە بەشێوەیەکی رێک و پێک داندراوە بە وردبینییەکی وردەوە بە پاراستنی لایەنی مێژوویی وێنە کێشراوە، لەڕووی جلوبەرگ و هێماسازیەوە کە وەک بەڵگەیەک بۆ ئاماژەکردن بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خاچیەکان هەڵدانی ئاڵا و بەرزکردنەوەی دەست ئاماژەیە بۆ سەرکەوتن، بوونی قەشە بەجلی ئاینی بە تایبەتی ئاماژەیە هەبوونی ڕەوتی ئاینی کە خاچیەکان بەناوبانگ بوون لە بەرزکردنەوەی دروشم و هێمای ئاینی(Signol, 2023: Online).

وێنەی دووەم کە لەلایەن زیرەکی دەستکرد میدجێرنی دروستکراوە، کە تەنها بە پێدانی دەق(Propmt) کارەکە کراوە، ئەگەر سەیری تابلۆکە بکەین دەبینین توخمە بابەتییەکانی تا ئاستێکی باش پاراستووە بۆنموونە وەک خاچپەرستان، سەربازەکان و خەلکی مەدەنی قوبەی مزگەوتەکە لە باکگراوند و دروستکردنی کەشوهەوایەکی پشێو وخۆڵەمێشی نزیکە لە تابلۆیە ڕەسەنەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێک لە وردەکارییەکان سادەتر نیشانداوە، لەم وێنەیەدا میدجێرنی زیاتر سەرنج دەخاتە سەر فۆرمە گشتیەکان، وەک: بوونی سێ ئەسپ لەناوەڕاستی تابلۆ کە لەکاتی ڕاکردندا، هەروەها چەند فیگەرێک لەپێشەوەی تابلۆکە لەسەر زەوی کەوتووە بریندارن، ڕووناکی و تاریکی بوونی ڕووناکیەکی ڕووناکتر و کۆنتراستتر کە زیاتر دراماتیکیە، هەموو ئەمانە وێنای بارودۆخی شەڕەکەیان زیاتر بە جمووجۆڵتر و گرژتر کردووە بەراورد بە تابلۆی ڕەسەن، بەهەمان شێوە لەرووی پالێتی ڕەنگ و دینامیکی جووڵەکان و شێوازی داڕشتن کەمتر نزیکە لە تابلۆی ڕەسەنی هونەرمەند(MidJourney, 2025: Online).

وێنەی سێیەم لەڕێگەی هەمان دەق(Prompt) و تابلۆی ڕەسەنی هونەرمەند دوبارە دراوەتەوە بە میدجێرنی تاوەکو کارەکەمان بۆ ئەنجام بداتەوە، لێرەدا وردی لە وێنەکە دەردەکەوێت و زیاتر نزیکترە لە تابلۆ ڕەسەنی هونەرمەند، بۆنموونە ئەگەر سەیری فیگەرەکان بکەین دەبینین فیگەرەکان زیاتر چڕتڕن لەناویەکترن زۆرتر ڕێکخراون، هەروەها توخمە تەلارسازییەکان زیاتر لە واقعی مێژوویەوە نزیکترن وردترن و جۆراوجۆرترن، پالێتی ڕەنگەکان و ڕووناکیی باشترە کەشوهەوا و مەزاج(Mood)ی تابلۆکەی وەک ستایلی کلاسیکی نەخشاندووە، هەروەها وێناکردنی قوبە بەردەکە و وێرانیەکانی دەوروبەری بە شێوەیەکی وردتر ڕەنگدانەوەیە بۆ ئاژاوەی شەڕەکانی سەدەی ناوەڕاست، بە گشتی ئەمەش ئەوە پیشان دەدات کە چۆن نەوەی زیرەکی دەستکرد بەتایبەت میدجێرنی بە ئاماژە دەق لەگەڵ پێدانی تابلۆی ڕەسەن دەتوانێت لەڕێگەی شێوازی بینراویش سود وەرگرێت جیا لەدەقەکە کە لایەنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەسەنایەتی مێژوویی و شێوازی هونەری ئەو وێنەی بەرهەمی دەهێنێتەوە زیاتر بەرەو پێش ببات(MidJourney, 2025: Online).



ناونیشان: شەڕی عسقلان
لەلایەن: ژان ڤیکتۆر شنێتز
ساڵ: ١٨٤٧
کەرەستە: ڕەنگی ڕۆنی لەسەر کانڤاس
قەبارە: ٣١٥ x ٥٥٦ سم
شوێن: مۆزەخانەی مێژووی فەرەنسا، کۆشکی ڤێرسای



لەلایەن: زیرەکی دەستکرد - میدجێرنی- ڤێرژن **7** V
ساڵ: ٢٠٢٥
کەرەستە: دیجیتاڵ
قەبارە: ١٣٤٤ x ٨٩٦ پیکسڵ
لینک: https://cdn.midjourney.com/6f5c19b8-0256-4054-a6fe-0f551545f081/0_0.png

## شیکردنەوەی نموونەی (٣)



لەلایەن: زیرەکی دەستکرد - میدجێرنی- ڤێرژن **7** V
ساڵ: ٢٠٢٥
کەرەستە: دیجیتاڵ
قەبارە: ١٣٤٤ x ٨٩٦ پیکسڵ
لینک: https://cdn.midjourney.com/4990fac2-f814-40f1-9a4d-df924a051218/0_0.png

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تابلۆی شەڕی عسقلان(Battle of Ascalon) کە لەلایەن نیگارکێش جان ڤیکتۆر شنێتز(Jean-Victor Schnetz) دروستکراوە، بەشێوازێکی کلاسیکی کارەکە ئەنجامدراوە، ئەم تابلۆیە دەربارەی جەنگێک بووە لەنێوان خاچیە فەرەنجیەکان و فاتمیەکان کە لە شاری عەسقەلان ڕوویداوە، لە دیمەنەکەدا چەند سەربازێک بە سواری ئەسپ، کە بەهەمان شێوە جل و بەرگ و کڵاوی زرێپۆشی کانزاییان لەبەردایە، دیمەنێکی ئاژاوەگێڕی جەنگی نیشانداوە، لە پێشەوە چەند فیگەرێک لە سەرباز و خەڵکی مەدەنی دەرکەوتوون بریندارو شەکەتن، لە پاشخانەکەیدا وێنەی دیمەنی خێمەی نیشتەجێبوون دەرکەوتووە لەگەڵ تەپوتۆز و دوکەڵ لەدوورەوە بەدی دەکرێن کە درێژدەبنەوە بۆ مەودایەکی دوور ئەمەش دیدێکی قووڵ و نوقمبوو لە گەورەیی قەبارەی شەڕەکە نمایش دەکات، هەروەها چەندین خێمەش بە شێوەیەکی بەرچاو لەناو دیمەنەکە بەدی دەکرێت(Ibrahim, 2022: Online).

تابلۆکە بە شێوازێکی کلاسیکی نوێ دروستکراوە بەرەچاوکردنی خاڵی سەرەکی بەکارهێنانی هاوسەنگی لەڕووی دابەشبوونی ئەسپ و فیگەرەکان بە هاوسەنگی لە چەپ و ڕاستەوە، ڕەنگەکانی دیمەنەکە ڕەنگی گەرمن، بە تۆنەکانی قاوەیی خاکی و سپی خۆڵەمێشی و هەندێک ڕەنگی سووری زیندوو وێنە کێشراوە، کە بە شێوەیەکی کاریگەر ژینگەی جەنگێکی گەرمی خوێناوی لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست دەگێڕێتەوە، ئەو سەربازانەی بەسەر زەویدا کەوتوون ، وەک جەختکردنەوەیەکە بۆ دڕندەیی و قوربانی مرۆیی شەڕەکە، هونەرمەند بە شێوەیەکی وەستایانە جووڵە و پێکدادانەکان و گەرمی و دڕندەیی شەڕەکەی گواستۆتەوە، کە بینەر ڕاستەوخۆ ڕادەکێشەتە ناو دڵی جەرگەی ئەم ڕووداوە مێژووییە، بەمەش هونەرمەند سەرکەوتووبووە لە شێوازی پەیڕەوی بنەماو ستانداردەکانی هونەری کلاسیکی نوێ کە هارمۆنیەکی گشتی تێدا زاڵە لەنێو تەواوی توخمەکانی تابلۆکە(Ibrahim, 2022: Online).

وێنەی دووەم کە لەلایەن زیرەکی دەستکرد کە تەنها بەرهەمهاتووە لەڕێگای پێدانی دەق(Prompt)، دەبینین تاوەکو ڕادەیەک بەسادەیی دەردەکەوێت، لە هەمان کاتدا ورووژێنەری دیمەنێکی شەڕی مێژوویی دەخاتە ڕوو، لە کاتێکدا هێماکانی کە سەرەکین بۆ ناسینەوەی جەنگی خاچیەکان بەرجەستەی کردووە ئەوانیش وەکو جەنگاوەرەکان جلی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناسراوی خاچیەکان کە دروشمی خاچیەکانیان لەسەرە، لەلایەکیتر چەندین خێمەی تێدایە کە دیمەنێکی وەک سەربازگەیەک نیشان دەدەن، لە هەمان کاتدا چەند کەسێک لەسەر زەوی کەوتوون، لێرەدا دەبینین لە چەند لایەنێکی تابلۆ ڕەسەنەکە لادەدات، بۆنموونە داڕشتنی فیگەرەکان زۆر چڕ نیە، کەمتر جەخت لەسەر ووردەکاریەکان دەکاتەوە وەکو جل بەرگ و ژینگەی دەوروبەر، هەرچەندە پالێتی ڕەنگەکانی تاوەکو ئاستێکی باش لەگەڵ ڕەسەنەکەدا هاوتەریبە بەڵام لەم وەشانەیاندا بەتەواوی نەیتوانیوە لاسایی ستانداردەکانی هونەری شێوازی کلاسیکی بکاتەوە لە جێبەجێکردنی تابلۆی جەنگی(MidJourney, 2025: Online).

وێنەی سێیەم لەڕێگای دەق(Prompt) و تابلۆ ڕەسەنەکە کارەکە ئەنجامدراوە، بەهەمان شێوە لێرەدا دەبینین میدجێرنی کارەکەی بە وردیەکی زیاتر دوبارەکردوەتەوە زۆرتر لە تابلۆی ڕەسەن دەچێت کە پێدەچێت زۆرتر سودی لە لە تابلۆ ڕەسەنەکە وەرگرتبێت لە لایەنی شێواز و توخمە گشتیەکان، ئەمەش لەم نموونەیاندا پەیوەندییەکی بینراوی بەهێزتر نیشانی ئێمە دەدات لە ڕوانگەی ئەوەی کە وێنەکە بە شێوەیەکی بەرچاو قەرەباڵغتر و ئاڵۆزترە، ڕێکخستنی خێمەکان جوانتر دەرکەوتوون، هەروەها پالێتی گشتی ڕەنگەکانی زۆر نزیکە لە تابلۆیە ڕەسەنەکە، هەستێکی زیاتر دەگەیەنێت سەبارەت بە چڕی و قەبارەی جەنگەکە، لەهەمان کاتدا ووردەکاری لە توخمەکانی وەکو جل وبەرگی سەربازەکان و چەکی دەستیان نزیکترە لە تابلۆیە ڕەسەنەکە بەمەش لە کۆی گشتی دیمەنەکە دەبینین باشتر چارەسەری زۆربەی لایەنەکانی وێنەکەی کردووە ئەمەش بەهۆی سود وەرگرتنی میدجێرنی لە تابلۆی ڕەسەنی هونەرمەند کە بەشێوەیەکی بیندراو سودی لێ وەرگرتووە(MidJourney, 2025: Online).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بەشی چوارەم
## (ئەنجامی توێژینەوە)

### ئەنجام:

١- بابەتی جەنگەکان لە وێنەکێشانی کلاسیکی لایەنێکی گرنگ بووە بۆ بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی سیاسی لەسەردەمی خۆیان و هەروەها لایەنێکی گرنگ بووە بۆ بە دۆکیومێنتکردنی ڕوداوە مێژووییەکان، لەڕووی جل و بەرگ و کەلوپەلی سەربازی و شێوە و ڕوخسار و جوڵەی فیگەرەکان، هونەرمەندەکانی کلاسیک ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە لە خستنە ڕووی ئەم دیمەنانە.

٢- بنەماکانی وێنەکێشانی کلاسیکی لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە سەردەمی یۆنانی کۆن، مێژووەکی دێرینی هەیە لە داهێنان و دامەزراندنی بنەماو ستانداردەکانی هونەری وێنەکێشان، بۆیە هەمیشە وەک پێوەرێکە بۆ کرداری بەراوردکاری یان بۆ هەڵسەنگاندنی کاری هونەری چونکە ئەم هونەرە پشت بە ستانداردەکانی بەهای جوانی و بیرکاری و ڕێژە دەبەستێت.

٣- میکانیزمی بیرکردنەوەی تواناکانی زیرەکی دەستکرد سودی لە هەمان تواناکانی ستراتیجی بیرکردنەوەی خانەکانی دەماری مێشکی مرۆڤەکان وەرگرتووە، کەپێی دەڵێن تۆڕی دەماری دەستکرد(ANN) (Artificial Neural Network)کە ئەمەش بەپێی پێشبینیەکان لێکۆڵەر و توێژەرەکانی ئەم بوارە لە داهاتوودا خانەکان زۆر زیاتر بەرز دەبێتەوە، شانبەشانی زیرەکی مرۆڤ دەوەستێتەوە.

٤- لە بەرهەمهێنانی وێنە لە زیرەکی دەستکردا، هونەرمەند ڕۆڵی سەرەکی نیە، بەڵکو ئەو دەقە(Prompt)ی پێی دەدەین ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، بۆ نموونە هەندێک لە مۆدێلەکان وەک میدجێرنی دەتوانێت سود لە بیندراوەکانیش وەرگرن وەک تابلۆکان یان وێنەکان یان ڤیدیۆکان، کە وەک سەرچاوەیەک سودی لێوەردەگرن و بەکاری دێنن لەڕووی شێواز(Style)ی وێنەکێشانەکە یان توخمەکان(Elements)ی ناو تابلۆکە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٥- یەکێک لە شتە گرنگەکان بۆ زیرەکی دەستکرد بریتیە لە داتای زۆر بەتایبەت لە بەرهەمهێنەرەکانی وێنە، هەروەها ئەو ئەلگۆریتمەی لەسەری کاردەکات، کە وادەکات تواناکانی بەرهەمهێنانی شێوازی وێنەکان باشتربکات، چونکە زیرەکی دەستکرد لەبنەڕەتدا بەبێ داتای پێشینەی تایبەت بەشێوازەکانی هونەری وێنەکێشان ناتوانێت کاری هونەری بەرهەم بهێنێت.

٦- بەرهەمهێنەرەکانی وێنە بەتایبەت میدجێرنی بواری زۆریان هەیە کە لە داهاتوودا زۆر زیاتر پێشکەون لە تواناکانی بەرهەمهێنانی وێنەی هونەری لە سەرتاسەری شێوازە جیاوازەکانی وێنەکێشان وەک(تەجریدی، سوریالی، ئەندازەیی، تەعبیری، هتد...)، ئەویش بەهۆی بەردەست بوونی داتای زۆر لەبواری وێنەی دیجیتاڵی و توانای بارکردن(Load) لە کۆمپوتەرەکانی مۆدێرن، بەمەش توانا و زیرەکیەکەی چەندین جار زیاتر دەبێت لەهی ئێستا، ڕەنگە ببێتە مەترسی بەهۆی لاسایی دەقاو دەق لە تابلۆکانی وێنەکێشانی کلاسیکی ئەمەش ڕەنگە بواری گزی و فێڵ بڕەخسێنێت.

## دەرئەنجام:

١- یەکێک لە بەهێزترین بەرهەمهێنەرەکانی وێنەکێشان میدجێرنی(Midjourney)یە ئەویش بەهۆی ئەوەی کە تایبەتمەندی فێربوونی قووڵ(Deep Learning) بەکار دەهێنێت کە لە چەندین چینی فێرکردنی قووڵ پێکهاتووە، بۆیە لە دەرئەنجامی تاقیکردنەوەی نموونەکان دەرکەوتووە کە مۆدێلەکە زۆر باش ڕاهێندراوە لەسەر شێوازی وێنەکێشانی کلاسیکی.

٢- یەکێک لە کێشە سەرەکیەکانی بەرهەمهێنەرەکانی وێنە لە زیرەکی دەستکرد ئەوەیە کە ناتوانین کۆنترۆڵی تەواوی وێنەکە بکەین بۆنموونە بەشێکی دیاریکراو لە تابلۆکە بەئاسانی بگۆڕین، ئەویش بەهۆی ئەوەی هەمان دەق(Prompt)ی نوسین هەر جارێک کە پێی دەدەین ئەنجامێکی تەواو جیاواز دەدات بەدەستەوە، بەمەش دەرئەنجامەکان بەتەواوی پێشبینی کراونین.

٣- لە دەرئەنجامی تاقیکردنەوەکانمان لەسەر نموونەکانی کلاسیکی بەتایبەت بەرهەمهێنەرەکانی وێنە وەک میدجێرنی، دەرکەوتووە کە کێشەکانی میدجێرنی بەزۆری لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وردەکاریەکاندا(Details) و تۆیکاری فیگەرەکان(Analomy)دا بەدی دەکرێت بەتایبەت لەکاتی داڕشتنی تابلۆیەک کە فیگەری زۆر و جوڵەی ئاڵۆزی تێدابێت.

٤- زیرەکی دەستکرد دەتوانێت زۆربەی شێواز و ستایلەکانی هونەری وێنە کێشان بناسێتەوە بەمەش دەتواندرێت ڕۆڵێکی گرنگ بگێرێت لەبواری ڕەخنەی هونەری و ناسینەوەی شێوازەکانی هونەری وێنەکێشان و شیکردنەوەی کاری هونەری بەتایبەت بۆ لایەنی پەروەردەیی.

## ڕاسپاردەکان:

١- پەرەدان بە وانەکانی هونەری دیجیتاڵی و زیرەکی دەستکرد، ئەویش بە کردنەوەی لقی تایبەت بەم بوارە لەلایەن زانکۆی سەلاحەددین، لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان و دابین کردنی پێداویستیەکانی تەکنۆلۆجیای دیجیتاڵی کۆمپیوتەری پێشکەوتوو بۆ فێرخوازانی ئەم بوارە.

٢- زەمینەسازی کردن بۆ پەرەپێدان بە مۆدێلی تایبەت بە زیرەکی دەستکردی وێنەکێشان کە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە هاوکاری کەسانی شارەزا لە پڕۆگرامسازان و هونەرمەندانی شێوەکار بکرێت، بۆ زیادکردنی ناوەڕۆکی هونەری شێوەکاری کوردی، بۆ بەردەست بوونی داتای تایبەت بە بواری هونەری وێنەکێشان کوردی.

## پێشنیازەکان:

١- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری لە نێوان شێوازەکانی جیا لە وێنەکێشانی کلاسیکی بەتایبەت توێژینەوەی زیاتر بکرێت لە هونەری وێنەکێشان لە سەردەمی مۆدێرن، کە فۆرم و شێوازی وێنەکێشان گۆڕانکاری زۆری بەسەر داهات، بۆیە پێشنیاز دەکەم بەراوردکردنەکە لە بابەتی هەڵسەنگاندنی بەهای جوانی و داهێنانی هونەری بێت لە هەردوو بواردا.

٢- توێژینەوەی هەماهەنگ ئەنجام بدرێت لە نێوان قوتابیان یاخود شارەزایانی بوارەکانی پڕۆگرامسازی، لەگەڵ هونەرمەندانی شێوەکاری، کە تایبەت بێت بە چۆنیەتی کارکردنی تەکنیکە جیاوازەکانی ژیری دەستکرد لە بەرهەمهێنانەوەی وێنەکان وەک شێوازەکانی(ڕەنگی ئاوی،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەنگی ڕۆنی، هێڵکاری و سکێچ)، بۆ زیاتر ئاشنابوونی خوێنەری کورد لە نهێنی کرداری دروستکردنەکە لە زیرەکی دەستکرد.

## سەرچاوەکان

**یەکەم: سەرچاوە کوردیەکان:**

بیڵ, ت. ل. ١٩٦٥. جەنگە سەلیبییەکان (*The Crusades*), هەولێر, چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری.

تۆفیق, هـ. م. ٢٠٢٤. ڕەنگدانەوەی جەنگ لە هونەری سیرامیکی هاوچەرخدا گۆڤاری قەلای زانست, ٩.

عزیز, س. ٢٠٢٤. زیرەکی دەستکرد چیەو چۆن کاردەکات. خاڵ.

ناردۆ, د. ٢٠٢٥. یۆنانی کۆن, سلێمانی, دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبیەکان:**

أبوخليل, ش. ٢٠٠٩. الحروب الصليبية أسبابها و أحداثها و نهايتها, دمشق, دار الفكر

إسماعيل, م. ع. ٢٠٢١. الإقطاع ونشأة الجيش الصليبي ببيت المقدس. مجلة كلية الآداب، جامعة مصراتة.

الحيدري, ع. ع. ج. & العمر, س. ص. ح. ٢٠١١. الحروب الصليبية تطور المصطلح و المفهوم. مجلة جامعة بابل – العلوم الانسانية, ١٩.

زابوروف, م. ٢٠٠٦. بالسيف و الصليب, دمشق, دار الحصاد.

زابورون, م. ١٩٨٦. الصليبيون في الشرق, موسكو, دار التقدم.

سميث, ج. ر. a١٩٩٩. الحملة الصليبية الأولى و فكرة الحروب الصليبية, القاهرة, الهيئة المصرية العامة للكتاب.

سميث, ج. ر. b٢٠٠٩. تاريخ الحروب الصليبية, القاهرة, المركز القومي للترجمة.

عاشور, ف. ح. م. ١٩٨٨. جهاد المسلمين في الحروب الصليبية العصر الفاطمي و السلجوقي و الزنكي, بيروت, مؤسسة الرسالة.

عطية, ع. س. ٢٠١٠. تاريخ الحروب الصليبية, القاهرة, الشركة العربية المتحدة للتسويق و التوريدات.

عمران, م. س. ٢٠٠٠. تاريخ الحروب الصليبية ١٠٩٥ – ١٢٩١ م, مصر, دار المعرفة الجامعية.

عوض, م. م. ٢٠٠٠. الحروب الصليبية العلاقات بين الشرق و الغرب, أبوظبي, عين للدراسات و البحوث الانسانية و الاجتماعية.

فلوري, ج. ٢٠٠٤. الحرب المقدسة – الجهاد و الحرب الصليبية, دمشق, دار المدى للثقافة و النشر.

فينوجرادوف, ك. و. ١٩٥٨. الإقطاع و العصور الوسطى في غرب أوربا, القاهرة, مطبعة لجنة التأليف و الترجمة و النشر.

كاثروود, ك. ٢٠٢٢. حروب باسم الرب, دار نينوى للدراسات و النشر و التوزيع.

لوبون, غ. ٢٠١٣. حضارة العرب, القاهرة, مؤسسة هنداوي للتعليم و الثقافة.

هيغل ١٩٧٩. الفن الكلاسيكي, بيروت, دار الطليعة للطباعة والنشر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) :ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی

سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزیەکان:

ATIYA, A., A. 1962. *The crusade historiography and Bibliography*, Indiana university press.

COLTON, S. 2012. The Painting Fool: Stories from Building an Automated Painter. Springer.

COLTON, S., HALSKOV, J., VENTURA, D., GOULDSTONE, I., COOK, M. & PéREZ-FERRER, B. 2015. The Painting Fool Sees! New Projects with the Automated Painter.

DHARIWAL, P. & NICHOL, A. 2021. *Diffusion Models Beat GANs on Image Synthesis*.

DIEHL, T. 2024. A.I. Art That's More Than a Gimmick? Meet AARON.

ELLIS, M. 2023. Midjourney Review. Available: https://www.eweek.com/artificial-intelligence/midjourney-review/ [Accessed 2025-05-08.[

FOLDA, J. 2008. *Crusader Art: The Art of the Crusaders in the Holy Land, 1099–1291,* Farnham, Surrey, Lund Humphries.

HANNA, D. 2023a. The Use of Artificial Intelligence Art Generator "Midjourney" in Artistic and Advertising Creativity. 4.

HANNA, D. M. 2023b. The Use of Artificial Intelligence Art Generator "Midjourney" in Artistic and Advertising Creativity. *Journal of Design Sciences and Applied Arts*.

LI ,K. Q. 2021. The Interpretation of (Deep) Dreams. *Proceedings of Art Machines 2: International Symposium on Machine Learning and Art 2021.* Hong Kong: School of Creative Media, City University of Hong Kong.

MAYERS, J. 2024. *The Importance of Semantics and Syntax in Creating Text-to-Image Prompts Using Midjourney AI*.

OXFORD, T. (ed.) 2014. *The Oxford Handbook of Greek and Roman Art and Architecture,* Oxford, UK; New York, USA: Oxford University Press.

PALUMBO, J. 2024. What is Midjourney? Everything you need to know. Available: https://www.androidauthority.com/what-is-midjourney-3324590/ [Accessed 2025-05-08.[

RADHAKRISHNAN, M. 2023. Is Midjourney-Ai the New Anti-Hero of Architectural Imagery & Creativity? 11.

REICHARDT, J. 1971. *The Computer in Art,* London / New York, Studio Vista / Van Nostrand Reinhold Company.

RILEY-SMITH, J. (ed.) 1995. *The Oxford Illustrated History of the Crusades,* Oxford: Oxford University Press.
RUSSELL, S. J. & NORVIG, P. 2003. *Artificial Intelligence: A Modern Approach,* Upper Saddle River, New Jersey, Prentice Hall (Pearson Education, Inc.(.
RUSSELL, S. J. & NORVIG, P. 2010. *Artificial Intelligence: A Modern Approach,* Upper Saddle River, NJ, Pearson Education.
SAUTOY, M. D. 2019. *The Creativity Code: Art and Innovation in the Age of AI,* Cambridge, Massachusetts, The Belknap Press of Harvard University Press.
SINCLAIR, J. 1987. *Collins COBUILD English language dictionary,* London, HarperCollins Publishers.
VOUT, C. 2018. *CLASSICAL ART A Life History from Antiquity to the Present,* United Kingdom, Princeton University Press.
WRIGHT, J. K. L. 1925. *The geographical Lore of the time of the crusade,* New York, American Geographical society.
XU, C. & HUANG, Y. 2023. Technological Innovation in Architectural Design Education: Empirical Analysis and Future Directions of Midjourney Intelligent Drawing Software. *Buildings*.

**چوارەم: ئینتەرنێت:**

AMERICA, F. A. 2025. *Armida in Front of Gottfried of Bouillon (1628–1630) - Flemish School - David Teniers the Younger (1610–1690)* [Online]. Online: Fine Art America. Available: https://fineartamerica.com/featured/armida-in-front-of-gottfried-of-bouillon-1630-1628-flemish-school-oil-on-cop-david-teniers-the-younger-1610-1690.html [Accessed 11-5 2025.[
ART, C. F. 2025. *Blondel, Merry Joseph - Ptolemais Given to Philip Augustus (1165-1223) and Richard the Lionheart (1157-99), 13th July 1191* [Online]. Online :Craft Fine Art. Available: https://craftfineart.com/en/blondel-merry-joseph-ptolemais-given-to-philip-augustus-1165-1223-and-richard-the-lionheart-1157-99-13th-july-1191-ido-25655 [Accessed 11-5 2025.[
BRITANNICA, E. 2024. *Crusades: From Constantinople to Antioch* [Online]. Online: Encyclopaedia Britannica. Available: https://www.britannica.com/event/Crusades/From-Constantinople-to-Antioch [Accessed 11-5 2025.[
CARTWRIGHT, M. 2018. *First Crusade* [Online]. Online: World History Encyclopedia. Available: https://www.worldhistory.org/First_Crusade/ [Accessed 11-5 2025.[

CONTRIBUTORS, W. 2025. *The Return of the Crusader (1835) by Karl Friedrich Lessing* [Online]. Online: WikiArt. Available: https://www.wikiart.org/en/karl-lessing/the-return-of-the-crusader-183] 5Accessed 11-5 2025.[

FILMORA, W. 2025 دليل شامل لتعلم استخدام .*Midjourney*] للذكاء الاصطناعي Online]. Wondershare Filmora. Available: https://filmora.wondershare.ae/ai/how-to-use-midjourney.html#2 [Accessed.[

HANSLEY, C. K. 2020. *Peter The Hermit Preaching The First Crusade, By James Archer (c. 1823–1904)* [Online]. Online: The Historian's Hut. Available: https://thehistorianshut.com/2020/04/19/peter-the-hermit-preaching-the-first-crusade-by-james-archer-c-1823-1904/ [Accessed 11-5 2025.[

IBRAHIM, R. 202 .2*Crusades were a response to brutal holy wars* [Online]. The Christian Post. Available: https://www.christianpost.com/books/crusades-were-a-response-to-brutal-holy-wars-raymond-ibrahim.html [Accessed.[

JOURNEY, M. 2024. *Midjourney vs Stable Diffusion: Which AI Image Generator is Better?* [Online]. ML Journey. Available: https://mljourney.com/midjourney-vs-stable-diffusion-which-ai-image-generator-is-better/?utm_source=chatgpt.com [Accessed.[

MILLER, A. I. 2025. *DeepDream: How Alexander Mordvintsev Excavated the Computer's Hidden Layers* [Online]. Available: https://thereader.mitpress.mit.edu/deepdream-how-alexander-mordvintsev-excavated-the-computers-hidden-layers/ [Accessed 29 Jan 2025.[

PRADO, M. N. D. 2025. *Armida ante Godofredo de Bouillon* [Online]. Online: Museo Nacional del Prado. Available: https://www.museodelprado.es/coleccion/obra-de-arte/armida-ante-godofredo-de-bouillon/4ca2fb33-4b92-4a23-b21f-8192887538c9 [Accessed 11-5 2025.[

SIGNOL, É. 2023. *Taking of Jerusalem by the Crusaders* [Online]. World History Encyclopedia. Available: https://www.worldhistory.org/image/8983/taking-of-jerusalem-by-the-crusaders/ [Accessed.[

WELSH, W. E. 2019. *Spain's Invincible Admiral* [Online]. Online: Warfare History Network. Available: https://warfarehistorynetwork.com/article/spains-invincible-admiral/ [Accessed 11-5 2025.[

WIKIART. 2025. *Lifting of the Siege of Malta, Besieged by the Ottoman General Mustapha in September 1565* [Online]. Online: WikiArt. Available: https://www.wikiart.org/en/charles-philippe-lariviere/lifting-of-the-siege-of-

malta-besieged-by-the-ottoman-general-mustapha-in-september-1565-1843 [Accessed 11-5 2025.[

WIKIMEDIA. 2006. *Jerusalem Delivered: Rinaldo and Armida – painting by Paolo Finoglio* [Online]. Online: Wikimedia Commons. Available: https://commons.wikimedia.org/wiki/File:Finoglio_jerusalem_1.JPG [Accessed 11-5 2025.[

WIKIMEDIA. 2024. *Cornelis Claesz. van Wieringen - The Capture of Damietta* [Online]. Online: Wikimedia Commons. Available: https://commons.wikimedia.org/wiki/File:Cornelis_Claesz._van_Wieringen_-_The_Capture_of_Damiate.jpg [Accessed 11-5 2025.[

WIKIMEDIA. 2025a. *Battle of Arsuf* [Online]. Online: Wikimedia Commons. Available: https://commons.wikimedia.org/wiki/File:Schlacht_von_Arsuf.jpg [Accessed 11-5 2025.[

WIKIMEDIA. 2025b. *Bertrand de Saint-Gilles Debacq Alexandre-Charles (1804-1850)* [Online]. Online: Wikimedia Commons. Available: https://commons.wikimedia.org/wiki/File:Bertrand_de_Saint-Gilles_Debacq_Alexandre-Charles_%281804-1850%29.jpg [Accessed 11-5 2025.[

WIKIMEDIA. 2025c. *Prise de Malte en 1530* [Online]. Online: Wikimedia Commons. Available: https://commons.wikimedia.org/wiki/File:Prise_de_Malte_en_1530.jpg [Accessed 11-5 2025.[

WIKIMEDIA. 2025d. *Ptolemais (Acre) given to Philip Augustus, 1191* [Online]. Online: Wikimedia Commons. Available: https://commons.wikimedia.org/wiki/File:Ptolemais_(Acre)_given_to_Philip_Augustus_1191.png [Accessed 11-5 2025.[

WIKIMEDIA. 2025e. *Schlacht von Montgisard 2* [Online]. Online: Wikimedia Commons. Available: https://en.m.wikipedia.org/wiki/File:Schlacht_von_Montgisard_2.jpg [Accessed 11-5 2025.[

MIDJOURNEY. 2025. *Untitled AI-generated image* [Online]. Available: https://cdn.midjourney.com/4990fac2-f814-40f1-9a4d-df924a051218/0_0.png [Accessed.[

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Paintings of the Crusades in the Middle Ages Between Classical Painting and Artificial Intelligence Midjourney

## (A Comparative Study)

**Dara Jalal Majeed**
Department of Visual Arts, College of Fine Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Dara.majeed@su.edu.krd

**Dr. Ari Kakil Mohammed**
Department of Visual Arts, College of Fine Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email ari.mohmedtaher@su.edu.krd

## Abstract:

Classical painting was able to introduce a number of principles and rules in the field of painting, which were considered a great invention in its time, because the art of painting had been done by painters before that time in a primitive way. The emergence of classical art brought important innovations in the principles of art during its time. The most important principles of classical painting consisted of beauty, harmony, balance, the golden ratio, diversity, design, perspective, beauty of thought, morality, and originality.

One of the most important subjects of classical painting is historical wars. The most prominent wars in the past were the Crusades, which took place in the Middle Ages between Western Christians and Muslims. Midjourney has reproduced works on the same subject.

The emergence of artificial intelligence is considered a major invention in technology. This technology can play a role in many fields, including the art of painting, which has benefited greatly from it. One of the most prominent producers of images is Midjourney. In the production of artistic images—especially in reproducing classical painting styles on various subjects such as war,

nature, fantasy, stories, legends, or abstracts—this program has a strong ability in the field of painting.

***Keywords:*** *Paintings, Classics, Artificial Intelligence, Midjourney, Crusaders*

# لوحات الحروب الصليبية في العصور الوسطى بين الرسم الكلاسيكي والذكاء الاصطناعي ميدجورني

## (دراسة مقارنة)

**ملخص:**
تمكنت اللوحة الكلاسيكية من إدخال عدد من المبادئ والقواعد في مجال الرسم، والتي اعتُبرت اختراعًا عظيمًا في زمانها، لأن فن الرسم كان يُمارس من قِبل الرسامين قبل تلك الفترة بطريقة بدائية. وقد أدى ظهور الفن الكلاسيكي إلى ابتكارات مهمة في مبادئ الفن في عصره. ومن أهم مبادئ الرسم الكلاسيكي: الجمال، التناغم، التوازن، النسبة الذهبية، التنوع، التصميم، المنظور، جمال الفكر، الأخلاق، والأصالة.
يُعد موضوع الحروب التاريخية من أبرز موضوعات الرسم الكلاسيكي. ومن أهم هذه الحروب في الماضي كانت الحروب الصليبية، التي وقعت في العصور الوسطى بين المسيحيين الغربيين والمسلمين. وقد أعادت تقنية "ميدجورني" إنتاج أعمال فنية عن هذا الموضوع.
يُعد ظهور الذكاء الاصطناعي اختراعًا كبيرًا في مجال التكنولوجيا، حيث يمكن لهذا النوع من التكنولوجيا أن يؤدي دورًا في العديد من المجالات، بما في ذلك فن الرسم، الذي استفاد كثيرًا من هذه التقنية. وتُعتبر "ميدجورني" واحدة من أبرز أدوات إنتاج الصور. ففي إنتاج الصور الفنية، وخاصة في إعادة إنتاج الأساليب الكلاسيكية في مواضيع متنوعة مثل الحروب، الطبيعة، الخيال، القصص، الأساطير، أو التجريد، تتمتع هذه الأداة بقدرة قوية في مجال الرسم.